گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دیاردەی نامۆبوون لە تابلۆی نیگارکێشانی ئەوروپی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەمدا

**فاطمه مصطفى ابراهيم**

بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

sheikhefatemeh@gmail.com

**د. ئاری کاکل محمد**

بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

ari.mohmedtaher@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٦

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٣٠

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

Phenomenon, Alienation, Tableau, Modern Art, Painting

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.6

## پوختە

توێژینەوە دەربارەی نامۆبوون لە بواری هونەردا بابەتێکی گرنگ و بە سوودە، ڕەنگدانەوەی حاڵەتی دەروونی هونەرمەندان لەسەر کارە هونەرییەکان روون دەکاتەوە ، بێگومان لایەنی دەروونی رۆڵێکی گەورە دەبینی لە داهێنان و پێشخستنی کاری هونەری ، ئەم بابەتەش لە ئەوروپا لە دوای شۆڕشی رۆشنگەری و ڕێنسانس و بە تایبەت لە دوای شۆڕشی پیشەسازی بایەخی زۆری پێدراوە ، پاڵنەری سایکۆلۆجی و دەروونی بووە پێوەرێکی سەرەکی بۆ پێشکەش کردنی کاری جوان و گەورە لە بوارەکانی ژیاندا. هزری نامۆیی لە کارە هونەری و ئەدەبیەکاندا لەلایەن ئەوروپیەکان لە هەردوو سەدەی هەژدەم و نۆزدەهەم بایەخێکی زۆری پێدراوە ، لە کارە هونەرییەکاندا ئەم دیاردە بە جوانی دەردەکەوێت ، بەشێک لە هونەرمەندان هەر دیاردەیەکی نامۆییان بەرچاو دەکەوت لە دەوروبەری خۆیان بە کارە هونەرییەکانی گوزارشتیان لێی دەکرد ، بەشێکی تر لە هونەرمەندان کاتێک هەستیان بە نامۆیی دەکرد لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین بە شێوەیەک لە شێوەکان لە کارە هونەرییەکانی خۆیان حاڵەتەکە رەنگی داوەتەوە. ئەم توێژینەوە لە چوار بەش پێک دێت ، بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ گرنگی توێژینەوە و ئامانجەکانی و سنوورەکەی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارکردنی زاراوەکان ، بەشی دووەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە ، ئەم بەشە سێ تەوەرە لە خۆیەوە دەگرێت ، یەکەم ناساندنی چەمکی نامۆیی ، دووەم هۆکارەکانی پەیدابوونی دیاردەی نامۆیی لە کاری هونەری لە ئەوروپا ، سێ یەم قوتابخانە و بیردۆزەکانی شیکردنەوەی دیاردەی نامۆیی ، بەشی سێ یەم تایبەتە بە جێ بەجێ کردنی توێژینەوە و شیکردنەوەی گرنگترین نموونە وساملەکان تایبەت بە تابلۆکانی هونەرمەندانی ئەوروپی ، بەشی چوارەم تایبەتە بە ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوەکە.

کلیلی ووشەکان : دیاردە ، نامۆبوون ، هونەری مۆدێرن ، تابلۆ، نیگارکێشان

## ١-چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١ گرفتی توێژینەوە:

دیاردەی نامۆبوون بابەتێکی گرنگی فەلسەفەی هونەرییە ، حالەتی دەروونی هونەرمەند دەردەخات ، ئەم بارودۆخەش راستەوخۆ پەیوەندی بە لایەنی داهێنانکاری لە کارە هونەرییەکان ، ئاستی بەرهەمە هونەرییەکان روون دەکاتەوە . ئەم توێژینەوەیە ئیشک دەخاتە سەر رەنگدانەوەی دیاردەی نامۆیی لە نیگارکێشانی ئەوروپی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە بە خستە رووی چەند پرسیارێک کە بریتین لە: ١. ئایا نامۆ بوون بووە بە دیاردە لە ناو تابلۆی نیگارکێشانی ئەوروپی؟ ٢. دیاردەی نامۆبوون زیاتر لە چ روویەک و بە چ شێوەیەک وێنا کراوە؟ ٣. گرینگترین خەسلەتەکانی تابلۆی نیکارکیشانی ئەورووپی لە سەردەمی مۆدێرن دا کامانەن؟ دیاردەی نامۆیی تا چ رادەیەک بارودۆخی دەروونی هونەرمەند پێشان دەدات؟

### ١-٢ گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دیاردەی نامۆبوون لە کارە هونەرییەکانی ئەوروپی روون دەکاتەوە لە هەردوو سەدەی هەژدەم و نۆزدەمی زاینی ، لەلایەنی هۆکارەکانی و بیردۆزەکانی ئەم دیاردە دەکۆڵێتەوە ، هەولێکی زانستی یە بۆ دەرخستنی کاریگەری ئەم دیاردە لەسەر کارە هونەرییەکانی ئەوروپا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٣ ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە وورد بوونەوە و بە دواداچوون و شیکردنەوەی دیاردەی نامۆیی لە تابلۆی هونەرمەندانی ئەوروپی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم.

**١-٤ سنووری توێژینەوە:**

سنووری بابەت: دیاردەی نامۆیی لە تابلۆی نیگارکێشانی ئەوروپی

سنووری شوێن:ئەوروپا

سنووری کاتی:١٨٩٩ -١٧٠٠

**١-٥ پێناسەی زاراوەکان:**

نامۆبوون :(Alienation)

هەردوو زاراوەی نامۆیی و نامۆبوون بەکارهاتووە بۆ حالەتێکی دەروونی لە مرۆڤێکدا ، هەردووکیان لە ووشەی نامۆ وەرگیراون ، بەڵام هەندێک جیاوازی لە شێوەی بەکارهێنانی دەکەن ، نامۆیی بۆ یەکێک دوورە ووڵات بێت و هەست بە غەریبی بکات ، نامۆبوون بۆ کەسێک لەناو کۆمەڵگا بژیت و هەست بە غەریبی بکات(محەمەد، ٢٠٠١ ، ل٦). بەشێک لە توێژەران چەمکی هاڤیبوون لە جیاتی نامۆیی بەکاردێنن بە گونجاوتری دەزانن ، ئەم ووشەیەش بە مانای جێمانەوە و گیرۆبونی یان تێکەڵ نەبونی لەگەڵ کۆمەڵەکەی دێت(نەقشبەندی، ٢٠٠٤، ل٤٥) .

چەمکی نامۆبوون لە فەرهەنگی کوردستانیکا بە چەند مانایەک هاتووە ، وەک: ((بیانێتی، بێگانەیی، گۆشەگیریی، تەنیایی، لەخۆنامۆبوون، خۆلێگۆڕان، لەخۆبوونەوە، بێ‌خۆیی ، راگوێستن))(جەوشەنی،٢٠١٥،ل٧٦) ، لە فەرهەنگی (زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان)یش بە واتای : ((بە خۆ نامۆ بوون، بێزاری، نەفرەت، دوورکەوتنەوە، دوورە ووڵاتی)) هاتووە (شەریفی ،٢٠٠7،ل٢٧) ، هەروەها لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە نامۆیی یان نامۆبوون بە مانای بێگانەیی هاتووە (موکریانی ، 1369 هـ.ش.، ل٨٥٧). لە فەرهەنگی خاڵ چەمکی نامۆیی یان نامۆبوون بە مانای غەریبی هاتووە (محەمەدی خاڵ ، ٢٠٠٥، ل٤٦٨)، لە فەرهەنگی کوردستان ووشەی نامۆ بە مانای هۆگری نەگرتووە هاتووە (موکریانی ،١٩٩٩، ل٨٧١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی ئینگلیزییدا(Alienation) ی پێ دەووترێت ، لە فەرهەنگی کامبریجی ئینگلیزی بە واتای : ((هەستی دابڕاوبوون و نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ، یان بەشدار نەبوون لە هیچ گرووپێک دا)) هاتووە (Cambridge University Press, 2009, p. 22) ، هەروەها لە زمانی فەڕەنسی پێی دەووترێت ((Alienation)) :، بەڵام بە ئەلینسیۆن دەخوێندرێتەوە ، ڕەگ و ریشەی ئەم ووشە لە زمانی لاتینی بە شێوەی (alienatio) و (alienus) هاتووە(ئاغۆک ، ٢٠١١،ل٤٠٠).

لە فەرهەنگە عەرەبیەکاندا بە (الاغتراب) هاتووە ، هەندێک جاریش (الغربة) یان (الغرب) بەکاردێت ، بە مانای دوورکەوتنەوە لە نیشتمان دێت ، واتا کەسێک لە وڵاتی خۆی دوور بێت ، یاخود دوو کەس لە یەکتر دوور بکەونەوە(إبن منظور ، 1882 ، ج1 / ص639) ، هەروەها بە مانای (وون بوون)یش دێت ، کاتێک کەسێک کەسایەتی و بوونی خۆی لە دەست بدات ، پێویستی بە شۆڕش و دەرچوون لە شێوەکەی خۆی دەبێت بۆ ئەوەی کەسایەتی و بوونی خۆی بۆ بگەڕێتەوە(عمر،٢٠٠٨ ، ج٢ /ص١٦٠٢) ، لە هەمان کاتدا بە چەند مانایەکی تریش هاتووە وەک: یاخی بوون و دوژمنایەتی و دوورکەوتنەوە و بێ ئامانجی لە ژیان و بێ هیوایی (النوري،1979،ص13) .

دیاردە:(phenomenon)

لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا دیاردە بە مانای: ((دابی تازە پەیدا بوو)) هاتووە (شەرەفکەندی، ١٣٦٩،ل٣٣١) ، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئاماژەی بە ووشەی (دیاردە) کردووە بریتی یە لە حەقیقەتێک یان بارودۆخێک کە ڕوو دەدات و هەستی پێ دەکرێت ، یان بە واتای شتێک ، یان ڕووداوێکی بەرچاو و جێگەی سەرنج بێت. ( Hobson, A. 2001, p.339)

دیاردە وەک جێبەجێ کردن: لە لێکۆڵینەوەی بەردەست دا وشەی (دیاردە) بە مەبەستی باس کردن لە دووبارە بوونەوەی بارودۆخێک یان وێنا کردنی بارودۆخێکە کە لە تابلۆکانی بەشێک لە هونەرمەندانی ئەورووپی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

تابلۆ: (tableau)

لە فەرهەنگی کوردستانیکا تابلۆ بە چەند مانایەک هاتووە ، وەک : ((دیمەن، دیمەنی جوان، تابلۆ، پەردەی وێنەکێشی، وێنە، پێشاندانی وێنە یان سێن لە لایەن خەڵکانێکی بێدەنگ بە تایبەت لەسەرشانۆ))(جەوشەنی،٢٠١٥،ل٢٨٤٢) ، هەروەها لە (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) ئەم چەمکە بریتی یە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵێک لە شێوە ، یان نەخش ، یان وێنەی بێ جووڵە ، کە رووداوێکی مێژوویی یان بەسەرهاتێک پێشان دەدەن .(Hobson, A. 2001, p.431)

هونەری نوێ یان مۆدێرن:(Modren art)

هونەری نوێ یان مۆدێرن دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ هەموو ئەو هونەرانەی لە ماوەیەکی مێژوویی دیاری کراودا بەرهەم هاتووە و هونەرمەندان کاریان لەسەر کردووە ، لە ئەوروپا لە دوای شۆرشی رۆشنگەری و رێنسانس دەست پێ دەکات ، هەرچەندە بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی دەست نیشانکردنی سەرەتای دەستپێکی هونەری مۆدێرن ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بەتایبەتی بەرهەمەکانی کۆربێت و مانێت بە سەرەتاکانی هونەری مۆدێرن لە ئەوروپا دابنرێت ، ئەم ماوەیە تاوەکو سەرەتای دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤) درێژەی کێشاوە و لە دوای ئەودا سەردەمی پۆست مۆدێرن دێت( Chilvers & Glaves- Smith, 2009,p.1282).

نیگارکێشان (painting):

بە پێی پێناسەی فەرهەنگی وشەی کامبریج ( وێنەکێشان) واتە کردار یان کارمەیی بەدیهێنانی وێنە بە رەنگی لە سەر دیوار یان هەر رووبەرێکی دیکە. (Cambridge University press, 2022)

## ٢ -چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ٢-١ ناساندنی دیاردەی نامۆبوون:

زاراوەی نامۆیی یان نامۆبوون ناساندنی زۆری بۆ کراوە و هەر کەسێک لە گۆشەنیگای تێگەیشتنی خۆی ماناکەی لێکداوەتەوە ، بەشێوەیەکی گشتی باروردۆخێکی نائاساییە مرۆڤ تووشی دەبێت ، بوارێکی زۆر لە ژیان دەگرێتەوە وەکو فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و رامیاری و ئابووری و تەندروستی و پەروەردەیی(قادر،٢٠١١،ل١٠ – ١١) .

بابەتی نامۆیی و نامۆبوون مەودایەکی فراوانی هەیە و زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە ، لەبەرئەوە دەبینین لەلایەن ئەدیب دۆستان و بیرمەندان و فەیلەسوفەکان و ئەنترۆپۆلۆجیەکان و هونەرمەندان بایەخی زۆری پێدراوە ، ئەمەش لەبەرئەوەی دیاردەیەکی مرۆیی یە و پەیوەندی بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە(الفلاحي ، 2013 ، ص11) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نامۆیی بەشێوەیەکی گشتی سێ شێوەی هەیە ، هەندێک جار دوورکەوتنەوەی تاکە لە خودی خۆی ، هەندێک جاریش پچڕانی تاکە لە کۆمەلگاکەی بە گشتی و ڕەتکردنەوەی هەموو پێوەرەکانی کۆمەلگایە ، هەندێک جاری تریش دوورکەوتنەوەی تاکە لە خودی خۆی و ژینگەی دەوروبەری و کۆمەڵگاکەی بە گشتی(قادر،٢٠١١،ل١٩) .

توێژەرێکی دەروونزانی سەبارەت بە نامۆیی بیروڕای خۆی دەردەخات و پێی وایە ئەم ووشەیە بە مانای خەفەکردن و کپ کردنی شارەزاییەکانی کەس دێت ، ئەمەش وادەکات لە بوونە راسەقینەکەی خۆی نامۆ بێت(صالح ، ٢٠٠٨ ، ص١٠٦) .

نامۆیی لە تێڕوانینی فەلسەفەی هیگڵ (1770 - 1831) دا هەروەک لە کتێبەکەیدا بەناوی فینۆمینۆلۆژیای رۆح یاخود فینۆمینۆلۆژیای گیان(phenomenology of spirit) دا کە لە سالی (١٨٠٦) دا دەرچووە بە ڕوونی دەردەکەوێت شێوەیەکی فەلسەفی وەرگرتووە ، شیکردنەوەی بۆ رۆحی نامۆبوون کردووە (ئیسماعیل ، ٢٠٠٤ ، ل٣٧ – ٣٩) ، بێگومان هەروەک چۆن رۆح و گیان لەلای هیگل بابەتێکی خودی یە بۆ مرۆڤ ، لە هەمان کاتدا بیر و عەقل بریتی یە لە هۆشیاری خودی لەلای مرۆڤ (هیگل ، ٢٠٠٥، ل٤٨ – ٤٩) ، ئەم فەیلەسوفە تێڕوانین بۆ چەمکی نامۆبوون گۆڕی لە ناواخنی میتافیزیقی ڕەسەن بۆ ناواخنی واقیعی هەست پێکراو ، ئەم پێشبینیانەی بە کرداری لە کتێبی (لاوە هیگلیەکان) دا ئاماژە پێکردووە (أبو زيد،1979،ص6).

هەروەها کارل مارکس (1818 – 1883) لەسەر هەمان رێچکەی هیگل ڕۆیشتووە و بایەخێکی زۆری بە شیکردنەوەی ئەم حالەتە دەروونی یە داوە ، چەمکی نامۆبوونی لە ڕووی فەلەسەفی و ئابووری یەوە شیکردۆتەوە ، بە تایبەتی لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (یادەوەرییە ئابووری و فەلسەفیەکان لە ساڵی ١٨٤٤ ) دا ، ئەم کتێبە ناوبانگی بە (یادەوەرییەکانی پاریس بۆ سالی ١٨٤٤) دەرکردووە ، لە ساڵی (١٩٣٢) دا دەرچووە ، کاریگەرییەکانی ئەم کتێبە دەرنەکەوت تاوەکو ساڵی (١٩٤٥) ، لەم کتێبەدا بیروڕاکانی مارکس دەربارەی چەمکی نامۆبوون زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت (أبو زيد،1979،ص6).

کارل مارکس لە بنەرەتدا جەختی لە نامۆیی کرێکاران دەکردەوە کە لە بەرهەمەکانیان نامۆبوون دەردەکەوێت ، لەبەرئەوە لە فەلسەفەکانی هیگڵ و مارکس‌دا نامۆیی لە بنەرەتدا واتا ئەو کردارەی لە جەوهەر و بوونیدا بکەرەکەی وەک شتێکی دەرەکی و بێگانە و دوژمنێکی زاڵ لێی دەڕوانێت و تێی دەگات (Craig, E., 2005, p.12).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نامۆیی یان نامۆبوون بۆ یەکەم جار لەلایەن هیگل لە ڕووی فەلسەفی یەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە ، بەڵام لەلایەن کارل مارکس زیاتر بایەخی پێدراوە و وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی شیکردنەوەی بۆ کراوە(عبدالله،٢٠٠٨،ص2).

فەیلەسوفێکی دیکەی بوونگەرا کە باسی نامۆیی کردوە، ژان پۆل سارترە. لێک چوونێک لە نێوان بۆچوونەکانی سارتر سەبارەت بە نامۆیی لەگەل بیرۆکەکانی مارکس لەمبارەیەوە هەیە. کاتێک مارکس و سارتر باسی نامۆیی دەکەن مەبستیان نامۆییەکی گشتیو رەهایە. واتە نامۆیی مرۆڤ لە خۆی، لە دنیای دەورووبەری و لە مرۆڤی دەورووبەری، کەواتە هەموو باس کردنێک لە نامۆیی، باس کردنە لە نامۆ بوونی رەهای مرۆڤ. بە بۆچوونی سارتر مرۆڤ کەماسی (lack)ی هەیە. بوونەوەرێکە بۆشاییەک لە ناخیدا هەیە کە دەبێتە هۆی گۆشەگیربوونی. بوونی تاک لە بنەڕەتدا گۆشەگیرانەیەو ئەو بۆشاییەی لە بوونی مرۆڤ دا هەیە هۆکاری نامۆبوونیەتی. (O’Brien, 1984,p.4)

إريك فروم لە نووسینەکانیدا بایەخێکی زۆری بە چەمکی نامۆبوون داوە ، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا بەناوی (مفهوم الإنسان عند ماركس) ئاماژە بە ئەوە دەکات ئەم چەمکە بە مانای نامۆبوونی مرۆڤ دێت لە خودی خۆی (1998 ، ص63 - 65) ، لەم حاڵەتەدا ئەو وەک ناوەندێکی جیهانەکەی و دروستکەری کردەوەکانی ناژیت ، بەڵکو کردەوەکانی و ئەنجامەکانی لەژێر کاریگەری ئەو کەسانەیە کە ئەو گوێڕایەلیان دەکات (حماد ،٢٠٠٥، ص٥٩ – ٦٠) .

لە ساڵی (١٩٥٥) دا توێژەری ئەمریکی ئەنتۆنی دیفیدز لە ئەنجامی توێژینەوەیەک بۆی دەرکەوت چەمکی نامۆیی یان نامۆبوون پێنج مانا لە خۆیەوە دەگرێت ئەوانیش: خودبوون و متمانە نەبوون و ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ و ناڕازی ، هەروەها زانای کۆمەلناسی ئەمریکی ملفين سيمان لە ساڵی (١٩٥٩) پێنج ناساندنی جیاوازی بۆ چەمکی نامۆیی دەست نیشان کردووە ، ئەوانیش: پەککەوتن و فقدان المعايير و نەبوونی مانا و نەبوونی ئینتما و نامۆیی خودی (بركات،2006،ص36) .

لەمیانەی ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بۆمان روون دەبێتەوە نامۆبوون بە مانای: هەست بە تەریک بوون، دابڕاوبوون ، بێگانەبوون بەرامبەر بە خود و کۆمەڵگاو ژینگەی دەوروبەر دێت ، لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە سروشتی مرۆڤانە و بێ بایەخ بوونی بەها مرۆڤیەکان دروست دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٢ هۆکارەکانی پەیدابوونی نامۆیی لە هونەری ئەوروپی**

نامۆبوون و نامۆیی بریتین لە دیاردەیەکی دەروونی و لە ئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی دروست دەبێت ، بۆ نموونە وەک: کارەساتی دڵتەزێن و لە دەستدانی هێز و توانا و پاڵپشت و پەنا و هەژاری و لێقەومان و چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان ، واتا ئەو کاتەی مرۆڤ هەست دەکات پشت گوێ خراوە و هیچ بەها و نرخێکی لە ژیاندا نییە(قەرەچەتانی، ١٩٩٩ ،ل٥٤) .

نامۆبوون دیاردەیەکی مرۆیی یە لە ئەنجامی بارودۆخی ناخۆشی رامیاری و کۆمەلایەتی و هزری و ڕەوشتی دروست دەبێت ، کاردانەوەی لەسەر مێشک و رەفتاری مرۆڤ پەیدادەکات ، کاتێک هەست دەکات لە کەسانی تر و دەوروبەری خۆی دوورکەوتۆتەوە و ناتوانێت بە ئەوان بگات ، بۆیە ناچار ڕوو لە گۆشەگیری و تەنهایی و پچڕاندنی پەیوەندی دەکات لەگەڵ دەوروبەری خۆی و کۆمەڵگا(الصمیدعي ، 2020 ، ص219) .

بێگومان هەر دیاردەیەک یان بارودۆخێک لە مرۆڤەکان پەیدادەبێت کاتێک کۆمەلێک لە هۆکار کاریگەرییان لەسەری دروست بکات ، بێگومان نامۆیی وەک بارودۆخێکی دەروونی و دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بە درێژایی مێژوو بەشێک لە مرۆڤەکان تیایدا ژیاون ، تووش بوونی ئەم مرۆڤانە بە ئەم دیاردەیە دوو شێوەی هەیە ، هەر وەک یەکێک لە توێژەرەکان ئاماژەی پێ دەکات ئەم دیاردە لەلایەن مرۆڤەکان لە ئەنجامی ناچاری دروست دەبێت ، یاخود لەلایەن کەسەکە بە ئارەزوو مەندانە هەلبژێردراوە (الجبوري ،2014،ص١٠٥١) ، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی دیاردەی نامۆیی لەکارە هونەرییەکانی نیگارکێشانی ئەوروپی بکەین ، ئەوانیش:وێنەی ژمارە (٢-٢-١)، وێنەی دیواربەندی لە کۆشک (سەدەی ٨ پ.ز)". گردی بارسیب: (بارو، ١٩٨٠، ل١٢٠).

١.٢.٢ بە کالاکردنی هونەر:

بەشێک لە هونەرمەندانی ئەوروپی لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست و سەرەتای سەدەی نوێدا (مۆدێرن) هەستیان بە نامۆبوونی هونەر کردووە ، بە تایبەت کاتێک بینیان هونەر لەلایەن خەلکی ئەوروپا وەک کالا سەیر دەکرێت ، مرۆڤەکان لە جیاتی ئەوەی وەک ئەوانەی سەردەمی پێش خۆیان بە کاری هونەری خەریک بن و ڕێزی لێبگرن ، بەڵکو بەشێکیان دوور کەوتنەوە لەم کارە و بەشێکی تریش تەنها کڕیاری بەرهەمە هونەرییەکان بوون ، بە بۆچوونی ئەم هونەرمەندانە هونەر ڕێز و ستایشی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەستداوە ، بۆیە بیریان کردەوە ئەم دیاردە لە کارە هونەرییەکانی خۆیان ئاماژە پێبکەن و رەنگ بداتەوە ، ئەمەش وایکرد ژمارەیەک لە تابلۆ لەم سەردەمەدا دەربکەوێت گوزارشت لە نامۆیی بکات لە کاری هونەریدا.

تێڕوانینی مرۆڤەکانی ئەوروپی بەرامبەر بە هونەر لەم سەردەمەدا پێچەوانەی سەردەمی کۆن بوو ، لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا بایەخەکان زیاتر بۆ کڕینی بەرهەمی هونەری بوو لەجیاتی ئەوەی بە خۆیان کارەکە بکەن ، واتا چالاکی هونەری لەم سەردەمەدا کەمتر بووە ، بەڵام لە سەردەمی کۆن مرۆڤەکان زۆر چالاکتر کاری هونەرییان دەکرد ، بە تایبەت پێش ئەوەی نووسین دەربکەوێت مرۆڤەکان بۆ تێگەیاندنی یەکتری بە وێنە گوزارشتیان لە داخوازیەکانیان دەکرد ، بۆ نموونە مرۆڤی ڕاوچی کە لە گرووپی بچوکدا دەژیان یەکێک لە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانیان ئەوە بوو کاری هونەرییان دەکرد ، وێنەیان لەسەر بەرد و دیوار و ئەشکەوتەکان دەکێشا .

لەسەردەمی پەیدابوونی کشتوکاڵدا مرۆڤەکان هاوشێوەی کۆمەڵگە ڕاوچیەکان بەشدارییەکی کاریان هەبوو لە بەرهەمهێنانی هونەردا ، لەم سەردەمەدا تاکەکانی کۆمەڵگا بە سەر چین و توێژە جیاوازەکاندا دابەش بوون ، لێرەدا چینی هونەرمەند بریتی بوون لە پیشەگەر و موزیکار یان موزیسیەن (Musician)و سەماکار ، ئەمانە لە چینەکانی تری کۆمەڵگە جیاکرانەوە ، سەرەڕای پسپۆری بوونی هونەر بەڵام چالاکی هونەری بەشێکی گرنگی ژیانی تاکەکان بوو.( Evans,G. 1989, pp. 2,4)

زۆربەی ئەو کارە هونەرییانەی مرۆڤی کۆن دروستی کردوونئێمە لە ئێستادا وەکو بەرهەمی هونەری لێیان دەڕوانین ، ئەمانە وەک بەرهەمی نامۆ و تەریک کەوتوو لەناو مۆزەخانەکاندا دانراون ، لەسەردەمی خۆیاندا وەک کەرەستەیەکی گرنگی ژیان و گرێدراو بە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان بەکارهاتوون ، ئامانج لە دروست کردن و باو بوونی ئەم کەرەستانەی لە بەرهەمە هونەرییەکان بەکاردەهات بەشێک بووە لە ئەرک و کارە تایبەتەکانی پێیان سپێردرابوو ، بەڵام کاتێک دابڕان لەنێوان کەرەستە و بەرهەمەکە دروست بوو نامۆیی پەیدابوو ، بۆ نموونە کاتێک ئەو ماسکانەی مرۆڤی سەرەتایی یان پریمیتیڤ (primitive) لە کاتی سەما کردندا کەڵکیان لێوەردەگرت دابڕا لەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو ، هەروەها وەک کەرەستەیەکی سەربەخۆ سەیری کرا ، ئەمانە بوونە هۆکارێکی گرنگی نامۆبوونی بەرهەمی هونەری لەسەردەمی رێنسانسدا ، لە سادەترین نموونەکانی ئەم سەربەخۆبوون و دابڕانەی کاری هونەری لە بواری نیگارکێشاندا بریتی یە لە کرداری لە چوارچێوە گرتن

، بێگوومان کرداری لە چوارچێوە گرتن سیمبولی جیابوونەوەی بەرهەمە لە جیهانی ئاسایی ، ئەوەی کە دەکرێت راگوێزرێت بە واتای ئاوارەبوونیەتی .

بەکاڵا کردنی بەرهەمی هونەری یەکێکە لە هۆکارەکانی نامۆبوون و بێگانە بوون لە هونەردا ، لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو دروست کردنی بەرهەمی هونەری بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ژیانی مرۆڤ ، بەڵام بە هۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و کلتووری کاڵا گەرایی لە رۆژئاوادا تێڕوانینی ماددی بۆ شتەکان پەیدابوو ، لەناو ئەوانەدا لە ئەنجامی بە کاڵا بوونی بەرهەمی هونەری دیاردەی نامۆیی لە جیهانی هونەریشدا سەری هەڵدا ، چونکە هونەر تەنها وەک کالایەک سەیر دەکرا ، لەم سەردەمەدا بە میلۆنان دۆلار بۆ کرینی بەرهەمە هونەریەکان خەرج کراوە ، بە تایبەت بۆ کڕینی تابلۆکان و کاری نیگارکێشان ، بەڵام ئەو کەسانەی ئەو پارەیان خەرج دەکرد بۆ کڕینی بەرهەمە هونەریەکان خۆیان هیچ داهێنانێکی هونەریان نەبوو ، ئەمەش وایکرد خەلکێکی کەم خەریکی کاری هونەری بێت بەراورد بە سەردەمی پێش خۆی ، ئەمەش تێڕوانینێکی لەلای بەشێک لە هونەرمەندان دروست کرد نامۆبوون لە هونەر پەیدابووە.

٢.٢.٢ داهێنانی ڕەهەند لە بەرهەمە هونەرییەکان :

هۆکارێکی تری نامۆ بوونی بەرهەمی هونەرییەکان و بە تایبەت لە بواری وێنەکێشاندا بریتی یە لە پەیدابوونی ڕەهەند یان پێرسپیکتیڤ (Perspective) لە هونەردا ، لە سەردەمی پێش ڕێنسانس و بەر لە پیشاندانی ڕەهەند لە ناو تابلۆدا مرۆڤ خۆی بە بەشیک لە وێنەکە دەزانی ، بەڵام بەهۆی هێنانە ناوەوەی ڕەهەند بۆ ناو تابلۆ وایکرد بینەر بە تەواوی لە بەرهەمە هونەریەکە دابڕێت ، ئەمەش دوور کەوتنەوە و بۆشایی و دابڕانی دروست کرد لە نێوان بینەر و بەرهەم ، لە ئەنجامدا نامۆیی لە کاری هونەری پەیدابوو .

لە ئەنجامی داهێنانی ڕەهەند لە تابلۆدا وایکرد پەیوەندی هونەرمەند لەگەڵ بابەتی کارەکەی بۆ ئاستی زانست و میکانیزمی ڕوانین و فۆرمولێکی بیرکاری دابەزێت ، ڕوانگەی هونەرمەند تەنیا لەسەر پانتایی تابلۆکەیە و لە ڕواڵەتی ئەوەی لەبەرچاوی هەیە دەمێنێتەوە ، واتا گۆڕانکارییەکی هونەری لە بەرچاو بێت بەرهەم ناهێنێت ، لێرەدا هونەرمەند لە ئاستی بینەرێکی ئاساییدا دەبێت ، ئەمانەش هۆکاربوون بۆ پەیدابوونی نامۆیی لە کاری هونەری ئەوروپی ، لەگەڵ ئەوەدا خالێکی باش یان پۆزەتیڤ لەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نامۆبوونەدا هەیە ئەویش ئازادکردن و سەربەخۆ کردنی تاک بوو لە بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا(Laporte M p., 1968, pp. 145- 149).

٣.٢.٢ بەریەککەوتنی نێوان هونەری کۆن و نوێ:

پەیدابوونی هونەری نوێ (مۆدێرنیزم) و بەریەککەوتنی بینەر لەگەڵ بەرهەمە هونەرییە نوێیەکاندا هەستی بێگانەیی و نامۆ بوونی لە هونەر قووڵتر کردەوە ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو سەر لێشێواوی یە و لادان لە نۆرمە باوەکان و بنەماکانی ناو جیهانی هونەر بوو ، لەلایەکی تردا ئەو گۆرانکارییە خێراییانەی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و تەکنەلۆژیادا دروست بوو ، ئەم خاڵەش لەلایەن بزووتنەوە هونەریەکانی سەردەمی نوێدا (مۆدێرن) زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە ، دووپاتی دەکەنەوە هەست کردن بە نامۆیی و بێگانە بوون لە هونەردا لە ئەنجامی بەریەککەوتنی نێوان بەرهەمی هونەری شێوەکاری بوو لە دوو سەردەمی جیاوازدا .

بەرهەمی هونەری لە سەردەمی پێش مۆدێرن مەبەست تیایدا جوان پیشاندانی ئەو شتانە بوو کە لە دونیای واقعیدا بە ناشیرین دەبینران ، بەڵام لەسەردەمی نوێدا بەهۆی دەرکەوتنی نامۆیی لە هونەردا بینەر لە ڕووی جوانناسی و ستاتیکاوە بەرهەمەکانی وەک هونەرێکی جوان سەیر ناکات ، یەکێک لە هۆکارەکانی نامۆبووونی بەرهەمی هونەری نوێ و مۆدێرن جەخت کردنەووە بوو لەسەر نوێ بوون و حەپەساندنی بینەر ، تەنانەت ئەمانە هێزی پاڵنەر و پێشخەری هونەر بوون (Ankyiah & Boateng,2016 pp. 10- 11).

لە ڕوانگەی والتێر کۆفمەن نامۆیی نرخێکە تاک بە هۆی خۆئاگایی و هەستیاربوون دەیدات ، ئەم هەست کردنە بە نامۆیی لە هەموو سەردەمێک دا هەبووە ، بێگومان ئەم مرۆڤە سەربە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێت دەکرێت هەست بە نامۆیی بکات ، بەڵام ئەو کەسانەی زیاتر هەستیارن ئەم هەستە تیاندا قووڵترە ، ئەم بابەتە هونەرمەندانیش دەگرێتەوە ، بە بۆچوونی ئەو داهێنان لە کاری هونەریدا پێویستی بە شکاندنی نۆرمەکان و لادان لە نەریتە باوەکان هەیە ، بە شێوەیەکی تر هەرچەند تاک زیاتر لە نەریتەکان لابدات ئەو کات زیاتر لە کۆمەڵگا نامۆ دەبێت.( kaufmann, 1980,p.36, 37)

مارکوزە لە وتارێکیدا لە ساڵی (١٩٢٢)دا باس لە هونەر و هونەرمەند دەکات ، بە بۆچوونی ئەو هونەرمەند هەست بە دابڕان و بۆشایەک دەکات لە نێوان واقیع و ئایدیاڵدا ، ئەو وەک توانایەک دەڕوانێت کە تایبەت بە هونەرمەند ، بەهۆی ئەو توانایەوە هونەرمەند بە لانی کەم جۆرێک لە ئایدیاڵ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بوون بۆ مرۆڤ بەرهەم دێنیت ، بەڵام لە هەمان کاتدا کە بۆخۆی لە بارودۆخێکی زۆر دوور لە ئایدیال دا دەژیت ، تووشی هەست بە نامۆ بوون دەکات ، ئەم هەست بە نامۆیی کردنە دەبێتە پالنەرێک بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی (Farr,A.2014,p ).

٤.٢.٢ جەخت کردنەوە لە سەر لایەنی جوانناسی (ستاتیکا) :

نیتچە لە وانەکانی دا سەبارەت بە هونەر باس لەوە دەکات پێویستە گرنگی زیاتر بە ئەو چێژە بدرێت کە بینەر لە بەرهەمە هونەریەکە وەریدەگرێت ، لە جیاتی ئەوەی جەخت لە سەر ستاتیکا و جوانیناسی بەرهەمەکە بکرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر بێت درک کردنی بەرهەمەکە و تێگەیشتن لێی و ئەخلاقیش گرنگ نەبێت ، رۆژگارێک بەرهەمی هونەری تەنیا کەرەستە یان شتومەکێکی جوانیناسانە بوون ، بەرهەمی هونەری دەرفەتی تێگەیشتن لەو دیاردانەمان بۆ دەرەخسێنێت کە هێشتا هەستمان بە بوونیان نەکردووە ، بۆیە هونەر بریتی یە لە فەنتازیا و ئەفسانە چونکە مامەڵە لەگەڵ ئەگەرەکان دەکات لە ڕوانگەی خەیاڵی یەوە ، لەبەرئەوە نامۆیی جوانیناسی لە ئەنجامی جەخت کردنەوەیە لەسەر لایەنی جوانیناسی بەرهەمی هونەریی دروست دەبێت .

لەم بارەیەوە هیگڵ لە نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات بەرهەمە هونەرییە سەرەتاییەکان بەرهەم نەهێنراون بە مەبەستی جوانیناسانەی پەسند کراو یان ڕەت کراوە ، بە پێی بۆچوونەکانی هەردوو فەیلەسوف نیتچە و هیگڵ کاتێک بەرهەمی هونەری تەنیا بە مەبەستی جوانیناسانە بەرهەم دەهێنرێت لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نامۆبوونی بینەر لە بەرهەمەکەدا.( Bernstein, M. J., 1992, P 131 )

بیرمەند کانت لە فەلسەفە و بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە هونەر و جوانیناسی ئامانجی جیاکردنەوە و سەربەخۆ کردنی جوانیناسی بوو ، ئەو هەولی دەدا لە کاری هونەریدا جوانیناسی لە کۆنسێپت جیابکاتەوە ، وەک بەشێکی ئازاد و سەربەخۆ بیناسێنێت ، ئەم هەوڵەی کانت بووە هۆکاری دروست بوونی ئاگایی جوانینسانە ، بە ووتەی گادامێر ئەو هەوڵەی کانت و بنایاتنانی ئاگایی جوانناسانە بووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە نامۆیی لە هونەردا کە لە بنەڕەتدا لە سەربەخۆبوونی هونەرەوە سەرچاوەی گرت ، هەروەها گادامێر ئاماژە بە ئەوە دەکات کانت لە هەوڵی ئەوە دابووە دادوەری جوانیناسانە لەسەر بنەمای سۆبژێکتیوو ، تەنانەت لەسەرووی هەستەکانمان سەبارەت بە ژیان و هاوئاهەنگی تواناکانمان و تێگەیشتنامان دابمەزرێنێت ، بە بۆچوونی گادامێر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی دژبوون و نامۆیی هونەر لە گەڵ واقیع.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرلەوەی جوانیناسی سەربەخۆ بێت هونەر سەربەخۆ بوو ، واتا سەرەتا دیاردەی نامۆیی لە هونەردا سەری هەڵدا ، پاشان لەگەڵ سەربەخۆبوونی جوانیناسی دووبارە بووە ، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کێشەیەدا گادامێر ڕەخنە لە ئاگایی جوانیناسانە و پرۆسەکەی دەگرێت ، دەلێت: کاتێک جوانیناسی سەربەخۆ دەبێت ئەو کاتەی دادوەری (judgement) شوێنی سەلیقە (taste) دەگرێتەوە ، هەروەها ئاگایی ( consciousness) شوێنی ئەزموون دەگرێتەوە ، ئەمەش بنەمای هەڵسەنگاندنی کاری هونەرییە ، کاتێک کەسێک بە پشت بەستن بە سەلیقە بڕیار دەدات واتا لەسەر هەندێک بۆچوون و بنەما بڕیاردەدات ، بەڵام لە بڕیاردان و جیاکردنەوەی بەرهەمی هونەری لەسەر بنەمای ئاگایی جوانیناسانە ، بە شێوەیەکی ئەبستراکت تەنیا لەسەر بنەمای کوالێتیەکانی جوانیناسی بڕیار دەدرێت ، لەم بڕیاردانە لە سەر بنەمای ئاگایی جوانیناسانەدا تەواوی سەرچاوەکانی پێکهێنەری بەرهەمی هونەری لە خۆیەوە دەگرێت ، بۆ نموونە: کانگای سەرەکی هێزە پاڵنەرەکانی وەدیهێنەری بەرهەمەکەیە ، یان ئەو بنەما ئاینی و ماددیانەی بوونەتە هۆی جیاوازی و گرنگی بەرهەمەکە لە بەرچاو ناگیرێت .

چەندین سەدە هەوڵ درا هونەر سەربەخۆ بکرێت و لە ژێر هەژمونی ئاین و واقیع و مێتافیزیک و سیاسەت ئازاد بکرێت ، لە پاش سەرکەوتن لەم هەوڵەدا جوانیناسیش وەک بەشێکی سەربەخۆ ناسێندرا ، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا جیاکردنەوەی هونەر و ستاتیکا بووە واقیع ، هەروەها بووە هۆی نامۆ بوونی بەرهەمی هونەری لە کانگا و توخمە بەرهەمهێنەرەکانی خۆیدا .(Krajewski, B. 2004, p. 110- 111).

لە بابەتی جوانیپاسیدا هەموو کات ڕای کۆمەڵگا و بەرهەمی هونەری کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە ، ئادۆرنۆ لەسەر ئەم بابەتە نووسیوویەتی و بەرهەمی هونەری وەکو کۆمەڵێک لە یەکە تیایدا دەڕوانێت ، تەریک بوون و نامۆبوون لەگەڵ تەنیاییدا ، هەروەها نامۆیی تاک لەگەڵ پشێویی و شڵەژانی ژیانی نوێ و مۆدێرن لە ژێر بارستایی سەرمایەدارییدا بەراورد دەکات ، دوورکەوتنەوە لە ئەو کەسایەتی و ئایدۆلۆژیایەدا نەهامەتی نامۆبوون دەگۆڕێت بۆ تایبەتمەندییەکی گوماناوی سەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستن ، واتا بەرهەمی هونەری کە بە هۆی کشانەوە لە ئایدۆلۆژیا و سیستەمی سەرمایداریی تووشی نامۆیی بووە ، دەبێتە خاوەن کارەکتەری تایبەت بە خۆی و سەربەخۆییەکی ڕێژەیی دەست دەخات .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئادۆرنۆ باوەڕی وایە بەرهەمی هونەری لە جیاتی ئەوەی بە کاڵا بکرێت پێویستە وەک بوونێکی سەربەخۆ بپارێزرێت ، پەیوەندی نێوان هونەر و کۆمەڵگا بەجۆرێکە کە هونەر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە بنەڕەتدا دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگا هەیە ، لە هەوڵی ئەوەدایە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت ، بەو بارودۆخەشەوە بەرهەمی هونەری لە کۆمەڵگا و دەوروبەری بەتەواوەتی دابڕاو نیە ، بەم شێوەیە هونەر بە ووتەی ئادۆرنۆ جۆرێکە لە زانست کە ماتریاڵ و شێوەی لە واقیعی دەرووبەری وەردەگرێت ، واتا هونەر وێڕای خۆ دوورخستنەوە و نامۆبوونی لە واقیع ، لە ناو هەمان واقیعدا نقوم بووە(Fianco, F. p. 3.4) .

## ٣.٢ قوتابخانە و بیردۆزەکانی شیکردنەوەی دیاردەی نامۆیی لە هونەردا :

١.٣.٢ بزووتنەوەی هونەر و کارە دەستیەکان:

لە پاش دەرکەوتنی شۆرشی پیشەسازی لە وولاتی بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا (١٨٤٠ – ١٧٦٠ زاینی) بزووتنەوەیەکی هونەری پەیدابوو بە ناوی بزووتنەوەی هونەروکارەدەستیەکان (arts and crafts movement)، بیروڕاکانی ئەم بزووتنەوەیە تا رادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی (جۆن راسکن) دا بنیاتنرابوو ، ئەم فەیلەسوفە باوەڕی وابوو پیشەیی بوونی کۆمەڵگا و مێکانیکی کردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بووەتە هۆکارێک بۆ نامۆ کردنی مرۆ لە خۆی و لە سروشت و دەروووبەری ، لە روانگەی راسکنەوە مەکینە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی کرێکار لە سروشتی مرۆڤ بوونەکەی ، هەروەها دەبێتە هۆی لە ناوچوونی شکۆ و حورمەتی مرۆڤ لە بەرئەوەی لە پرۆسەی بەرهەمێنان بە شێوەیەکی هونەری و گرێدارو بە سروشتەوە بەربەستی بۆ دروست دەکات .

ویلیام مۆریس (William Morris) کە دامەزرێنەری بزووتنەوەکە بوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو بەرهەم هێنانی کاری هوونەری دەبێتە هۆی چاکسازی لە کۆمەڵگادا ، ئەو چاکسازیەش بریتی بوو لە کەمکردنەوەی نامۆیی و لە خۆبێگانە بوونی تاکەکان ئەمەش بە زیادکردنی پەیوەندییان لەگەڵ سروشت و پێدانی مانا و گرنگی زیاتر بە بەرهەمی دەستی ، واتا ئەم بزووتنەوە هوونەرییە پەرچە کردارێک بوو لە بەرانبەر پیشەیی بوونی کۆمەڵگادا ، دامەزرێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە دژی بەرهەمهێنانی کاڵا بە مەکینە بوون ، لەبەرئەوەی بەباوەڕی ئەوان ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی نامۆبوونی تاک ، بە ڕای ئەوان کەڵک وەرگرتن لە دەست لە بەرهەمهێنانی شتومەکدا لە ڕووی جەستەیی و

دەروونی یەوە تەندروستی ترە ، چونکە تاک و سروشت بەیەکەوە دەبەستێتەوە (Moses N.Ikiugu, 2007,p. 469-472).

شۆڕشی پیشەسازی گۆرانکارییەکی بەرچاوی لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا دروست کرد ، بووە هۆی سەرهەڵدانی چینی کرێکار و مامناوەند ، لەو سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر لە گوندەکانەوە بەرەو شار هاتن ، پیشەی جووتیاریان جێ هێشت و ڕوویان لە شارەکان کرد بۆ کارکرن لە کارگا و کارخانەکاندا بە دەستحەقێکی کەم ، زۆر کات بەشی بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەیانی نەدەکرد ، بارودۆخی کارخانەکان بەراورد لەگەڵ ستانداردەکانی ئێستادا بێ ڕەوشتانە و دڵتەزێن بوون ، لەو شوێنانەدا منداڵان ناچار دەکران رۆژانە وەک کرێکار چەندین کاتژمێر کاربکەن ، ئەگەرچی شۆرشی پیشەسازی هۆکارێک بوو بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ، بەڵام لە لایەکی ترەوە ستانداردەکانی ژیان بەتایبەت بۆ چینی کرێکار بۆ ئاستێکی زۆرنزم دابەزیبوو ، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەست بە نامۆیی کردنیان لە کۆمەڵگادا .

٢.٣.٢ بزووتنەوەی رۆمانسیزم و دیاردەی نامۆبوون:

بزووتنەوەی رۆمانسیزم (یان رۆمانتیسم) لە وەڵامی ئەو گۆڕانکارییانەی شۆڕشی پیشەسازییدا بەدوای خۆیدا هێنا لە وولاتی بەریتانیا سەریهەڵدا ، زۆربەی شارەزایان و هونەرمەندانی سەدەی هەژدەم و نۆزدەهەمدا پیشەسازی بوونیان بە دژی مرۆڤایەتی و سروشت داناوە ، لەبەرئەوە ڕق و بێزاریی خۆیان بەرانبەر بە پیشەسازی بوون دەربڕی.(saylor.org, 2013, p. 2)

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە دژی بەکارهێنانی زانست بوون بۆ کەڵک وەرگرتن لە سروشت بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کاڵا ، هەروەها دژی بونیاتنانی کارخانەکان بوون لە شارەکاندا ، هەڵگرتنی خەڵک لەسەر زەوییە کشتووکاڵیەکانیان و بەکارهێنانیان لە کارگە و کارخانەکاندا ، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندانی نیگارکێش لایەنگری ڕێبازی رۆمانتیسم بوون ، باوەڕیان وابوو مرۆڤ لە رۆحی (spirit)خۆی نامۆ و بێگانە کراوە ، بە تێڕوانینی ئەوان کۆچی بەکۆمەڵی خەڵک لە گووندەکان بە هیوای بە دەست هێنانی پارەی زیاتر و ژیانی خۆشتر تاکەکانی تووشی نامۆیی کرد ، تەنها چارەسەریش بە بۆچوونی ئەوان گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ سروشت ، ئەوان سروشت بە سەرچاوەی بێ خەوشی ژیانەوەی رۆح دادەنێن .

ئەم بزووتنەوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا پەیدابوو ، بزووتنەوەیەکی نارەزایی بوو لەلایەن چینی بۆرژواکان بەرامبەر بە کلاسیزمی نەجیب

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زادەکان و دەستوور و یاسا و فۆرمی ئەرستۆکراتەکان ، گوزارشتیان لە تەنگ و چەڵەمەی رۆحی مرۆڤ لە سەردەمی سەرمایەداریدا دەکرد (میراودەلی ، ١٩٧٩ ، ل٢٥٩ – ٢٦٠).

کاسپێر داڤید فرێدریک Caspar David Friedrich)) یەکێکە لە هونەرمەندانی سەر بە رێبازی رۆمانسیزم ، لە بەناوبانگترین تابلۆکانی بەناوی (Wanderer above a Sea of Fog) بوو ، بە واتای: هەڵوەدا لەسەر دەریایەک لە مژ دێت )وێنەی ژمارە1) ، لەم وێنەیەدا داڤید شکۆی سروشت و لە هەمان کاتدا نامۆیی مرۆڤ لە هەست کردن بەو شکۆیە پیشان دەدات کە لە ئەنجامی نیشتەجێ بوونی لە شارە پیشەییەکانەدا پەیدابووە ، لە تابلۆکەدا کەسێکی سەرگەردان و بێگانە لە سروشت دەردەکەوێت ، لە هەمان کاتدا زاڵ بوو بەسەر سروشت دا (K. Jan Oosthiek, 2015, online).



(Wanderer above a Sea of Fog)١٨٨١ وێنەی ژمارە١)

بزووتنەوەی رۆمانسیزم لەگەڵ ئەوەی کاردانەویەک بوو دژ بەیاسا ئەکادیمی و ووشکەکانی ستایلی نیوکلاسیزم ، هەروەها هونەرمەندانی سەر بەم بزووتنەوەیە لە هەوڵی بەرەنگاری بوون لەگەڵ سەرکووتکارییە رامیاری و گۆڕانکارییە نوێیەکاندا ، ئەوان باوەڕیان بە ئازادی خەیاڵ کردن هەبوو ، جەختیان لەسەر گرنگی ئەزموونە کەسیەکان دەکردەوە ، هەروەها لە هەوڵی پیشان دانی هەستە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دابوون.(Bugler C., 2013, p, 234)

یەکێکی تر لە هونەرمەندانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی سەر بە رێبازی رۆمانسیزم تیۆدۆر ژێریکۆ (Theodore Gericault)بوو ، ئەم کەسایەتیە کاریگەرییەکانی شۆڕشەکە و شەڕ و ئاژاوەکانی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمەی لە رێگا کێشانی پۆرترێتی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگادا نامۆ و دابڕاو بوون دەرخستووە ، هەروەها ئەوانەی لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کەسانی شێت چارەسەریان بۆ دەکرا ، پیشەیی بوونی کۆمەڵگا و دابڕانی خەڵک لە گووندەکانیان و هاتنیان بەرەو شارە قەرەباڵغەکان خەڵکێکی زۆری تووشی نەخۆشیە دەروونیەکان کرد ، لە ناو ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیە دەروونیەکان دەبوون ئەوانەی پێیان دەووترێت شێت زیاتر لە هەمووان لە خۆیان و لە کۆمەڵگاش نامۆ دەبوون ، ژێریکۆ کۆمەڵێک پۆرترێتی ئەو کەسانەی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٢١ – ١٨٢٤) کێشاوە ، یەکێک لە گرنگترین پۆرترێتەکانی ئەو هونەرمەندە تابلۆیەک بووە بەناوی ئەو ژنەی تووشی نەخۆشی ئێرەیی لە رادەبەدەر بووە ( Boime A., 1991, p. 79- 90).

یەکێکی تر لە هونەرمەندانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی سەر بە رێبازی رۆمانسیزم تیۆدۆر ژێریکۆ (Theodore Gericault) بوو ، ئەم کەسایەتیە کاریگەرییەکانی شۆڕشەکە و شەڕ و ئاژاوەکانی ئەو سەردەمەی لە رێگا کێشانی پۆرترێتی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگادا نامۆ و دابڕاو بوون دەرخستووە ، هەروەها ئەوانەی لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کەسانی شێت چارەسەریان بۆ دەکرا ، پیشەیی بوونی کۆمەڵگا و دابڕانی خەڵک لە گووندەکانیان و هاتنیان بەرەو شارە قەرەباڵغەکان خەڵکێکی زۆری تووشی نەخۆشیە دەروونیەکان کرد ، لە ناو ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیە دەروونیەکان دەبوون ئەوانەی پێیان دەووترێت شێت زیاتر لە هەمووان لە خۆیان و لە کۆمەڵگاش نامۆ دەبوون ، ژێریکۆ کۆمەڵێک پۆرترێتی ئەو کەسانەی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٢١ – ١٨٢٤) کێشاوە ، یەکێک لە گرنگترین پۆرترێتەکانی ئەو هونەرمەندە تابلۆیەک بووە بەناوی ئەو ژنەی تووشی نەخۆشی ئێرەیی لە رادەبەدەر بووە (Boime A., 1991, p. 79- 90).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



Théodore Géricault, Portrait of a Woman Suffering from Obsessive , 1821(وێنەی ژمارە ٢ )
Envy

جۆسێف مالێرد ویلیام تێرنێر (Joseph Mallord William Turner) نیگارکێشێکی تری سەر بە بزووتنەوەی رۆمانسیزم بوو ، لە یاسا ئاکادیمیەکان لایدا و کاریگەریەکانی شۆڕشی پیشەسازی لە بەرهەمەکانیدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەو لە وێنەکانیدا دژ بە یەکی نێوان رۆمانسیزم و داهێنانەکانی مرۆڤی پیشان دەدا ، لە یەکێک لە تابلۆکانی بەناوی : باران ، هەڵم و خێرایی- گەورە ئاسنەڕێی رۆژهەڵات (Rain, Steam and speed - The Great Western Railway) (وێنەی ژمارە 3) زیاتر جەخت لەسەر تێکدانی ژینگە بە هۆی داهێنانەکانی مرۆڤ دەکاتەوە ، لای راستی وێنەکە بە شەمەندەفەر و هەڵمەکەی کە خەریکە بەخێرایی بە ئاسنەڕێگاکەدا تێدەپەڕێت داگیرکراوە ، دژوازی لە نێوان بەرەوپێشچوونی خێرای پیشە لەگەڵ سروشت قووڵتر دەبێتەوە ،



(وێنەی ژمارە٣)(Steam and) speed- The Great Western Railway

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک سەرنج بدرێتە لای چەپی وێنەکە دیمەنێکی ئارام ولادێیانە پیشان دەدات ، تیایدا ژیانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت هاوئاهەنگە (Toth R T., 2010, Internet).

ئەو وێنانەی تێرنێر لە سەر ئەو شێوازە بەرهەمی هێناون جگە لەوەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەرخەری دیاردەی نامۆیی بوون ، هەروەها لە ڕووی فۆرم و تەکینکی وێنەکردنیشەوە بۆ بینەرانی نوێ و نامۆ بوون ، ئەو نیگارکێشە دەربڕینێکی نائارام و خەیاڵی لە ڕووناکی و ڕەنگ هێنایە ناو وێنەکێشان و کردی بە کەرەستەیەک بۆ بەرەنگاری دووبارە بوونەوە نەزۆکەکانی کلاسیسیزم ، ئەم شێوازی وێنەکێشانەی تێرنیر تا رادەیەک بۆ خەڵک و ئەکادیمیای هونەر نامۆ بوون ، تووڕەی کردن و پێیان وابوو بەلارێدا براوە ، بەڵام مەبەستی تێرنێر لەم شێوە بەکارهێنانەی ڕەنگ و فڵچە ئەوە بوو تابلۆکانی لە ڕووی هەستی و خەیاڵی یەوە قووڵتر بکات.(kilic Y. p. 1-3 )

٢ .٣.٣ بزووتنەوەی ریالیزم و دیاردەی نامۆبوون

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە وولاتی فەڕەنسا بزووتنەوەیەکی تری هونەری بەناوی رۆیالیزم (یان ریالیستم) پەیدابوو ، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر بەرەو خەیاڵی چوون و زیادەرۆیی لە وێناکردنی هەستەکان لە هونەری رۆمانتیسمدا بوو ، مەبەستی ئەو بزووتنەوەیە ڕەت کردنەوەی رۆمانتیسم و وێنا کردنی بابەتە سەردەمیەکان بە شێوەیەکی راستەقینەوە بە بەڵگەمەند بوو ، ریالیستەکان بابەت و بارودۆخە رۆژانەییەکانیان لە تابلۆکانیاندا پیشان دەدا ، ئەوان لە هەوڵی ئەوەدابوون چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە بێ گۆڕانکاری کردن و وەک خۆی وێنا بکەن ، لەو نێوەدا هونەرمەندانی ریالیسم جەختێکی زۆریان لەسەر وێنا کردنی چینی کرێکار دەکردەوە ، گرنگیەکی هاوتا لەگەڵ وێنا کردنی چینەکانی تری کۆمەڵگەیان پێدەدان ، یەکێک لە ناودارترین هونەمەندانی سەر بەم بزووتنەوەیە گۆستاڤ کۆربێت (Gustave Courbet ) بوو ، ئەم هونەرمەندە هاوشێوەی زۆربەی هونەرمەندانی داهێنەر سەرەتا تابلۆکانی بە هۆی جیاوازبوون لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا لە لایەن (پێشانگای ساڵانەی فەرانسە) ڕەت کرایەوە .(F., 2020, Internet )

کۆربێت کە وەک هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕ ناسراوە لە ساڵی (١٨٤٨ز) تابلۆیەکی دروست کرد ناسراوە بە بەرد شکێنەکان (The stonebreakers) (وێنەی ژمارە ٤) ، لەو سەردەمەدا ئەو تابلۆیە دەرخەری روانگە و بۆچوونی کۆربێت بوو سەبارەت بە چینی کرێکار ، بە تایبەتی لەم تابلۆیەدا زەحمەتی و نا ئاسوودەیی ژیانیانی پیشان دەدا ، لە داڕشتنەکەدا پیاوێکی تا رادەیەک بە تەمەن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوڕێکی مێردمنداڵ خەریکی کارێکی (بێ مانا و بێ بەرهەم)بوون ، ئەمەش دەرخەری هەژاری و نەهامەتی ئەو کرێکارانەیە ، ووتەکانی مارکس سەبارەت بە کار و لە خۆ نامۆبوونمان وەبیر دێنێتەوە . تابلۆکانی کۆربێت سەرەڕای ئەوەی لە رووی ناوەڕۆکەوە نوێ و جیاواز بوون هەروەها لە رووی فۆرم و تەکنیکیشەوە داهێنەرانە و نامۆبوون ، ئەو بە پێچەوانەی نیگارکێشانی ئاکادیمیک کە رەنگە بینراوەکانیان بەو شێوەی لە واقع دا هەبوون لە سەرکانڤاس دەگۆڕی ، رەنگیان بەو شێوەیەی بەچاو دەبینرا دەهێنایە سەر کانڤاس ، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کارەکانی کۆربێتی لە رووی تەکنیکەوە جیاواز دەکرد بەکارهێنانی چەقۆی رەنگ بوو ، بۆ دانانی رەنگ لەسەر کانڤاس ، بە مەبەستی دەرخستنی رەنگ وەک ماتریاڵێکی فیزیکی جیا لە کانڤاس (O'Connell V R., 2011, P.28-30).


(وێنەی ژمارە ٤)  ١٨٤٩(The stonebreakers) Gustave Courbet

ئۆنۆرێ دۆمێیە (Honore Daumier) (١٨٧٩ – ١٨٠٨ز) هونەرمەندێکی تری سەر بە رێبازی ریالیزم بوو، وەک یەکێک لە (ئاڵۆزترین و بوێرترین) هونەرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسا هەژمار دەکرێت، ئەو نیگارکێشە بە گشتی وەک هونەرمەندێکی ووردبین و ووریای مێژووی سەردەمی خۆی ناسراوە، وێرای هۆشیارییەکەی توانی ژیرانە سەبارەت بە گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە خێراکانی سەردەمی خۆی وێنا بکات ، ئەو تایبەتمەندییانەی لە بەرهەمەکانی دۆمیێ دا هەبوون بریتی بوون لە وێنا کردنی دیمەنی سەردەمی خۆی بە شێوەیەک کە بتوانن ببن بە هۆی گۆڕانکاریی هەم لە دونیای هونەردا و هەم لە شێوەی روانین بۆ سیاسەت و ئابووریی و کۆمەڵگا و مرۆڤ Tseng 1998, p. 72) Ch Sh.,).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی دۆمییە لە رۆژنامەکاندا بریتی بوون لە کاریکاتێر و لیتۆگراف تایبەت بوون بە بابەتە هەستیارە کۆمەڵایەتی و مرۆڤیەکان ، لێرەدا پێویستە سەرنج بدرێتە سەر هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی نامۆیی لە دونیای هونەردا ئەویش داهێنانی مەکینەی چاپ بوو ، وەک واڵتربێنجامێن باس دەکات لە ماوەی سەردەمە درێژەکانی مێژوودا هاوکات لەگەڵ گۆڕانی تەواوەتی بوونی مرۆڤ شێوازی درک کردنیشی دەگۆڕێت ، بە ووتەی واڵتر هونەر بەر لە بەرهەمهێنانی مەکینەی چاپ بە مەبەستی کۆپی کردن و بەرهەم هێنان لە ژمارەی زۆردا وەک بوونێکی تاک و جێگەی رێز لێی دەڕوانرا ، بەڵام چاپ کردنی لە ژمارەی زۆردا و بەردەست بوونی بۆ زۆربەی خەڵک بووە هۆی نامۆ بوون لەو پیرۆزیە ، بەها جوانیناسیەکان بوون بە کەرەستەیەک بۆ پیشاندانی جیاکارییە سیاسی و ئابوورییەکان .

سەبارەت بە لیتۆگرافەکانی دۆمیە پیشەسازی چاپ و ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندبوو باس لە ئازاد کردنی چینی کرێکار و تەنانەت گشت مرۆڤایەتی بکات ، ئەو نامۆییەی بە هۆی شۆڕشی پیشەسازی و گرێدانی ژیان بە مەکینەوە بۆ مرۆڤ دروست بوو ، لێرەدا لە دوو دانە لە وێنەکانی دۆمیەدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەون ، ئەوانیش بەناوەکانی (واگۆنی پلە یەک)( وێنەی ژمارە 5) و (واگۆنی پلە سێ) (وێنەی ژمارە 6) ، ئەو لە خۆ بێگانە بوونەی مرۆڤ بە هۆی پیشەیی بوون و دەسەڵاتی سەرمایەداریی بە روونی دیارە ، لەم دوو وێنەدا جیاوازی چینایەتی دەبینرێت ، چینی بورژوا شوێنێکی گەورەتریان هەیە و دەتوانن لە پەنجەرەکانەوە سەیری سروشتی دەرەوە بکەن .هەروەها کەش و هەوای ژوورەکەیان رووناکتر و پاکترە ، کرێکارەکان زۆر ساکارتر وێنا کراون و ئەگەرچی شوێنەکەیان قەرەباڵغترە ، بەڵام میهرەبانیەک بە رووخساریانەوە دەبینرێت ، رووناکی ژوورکە کەمە و ژمارەیەک لە کەسەکان خەریکن پێکەوە دەدوێن ، شەمەندەفەر وەک ئامرازێکی لێک دابڕان وێنا کراوە ، دابڕان و نامۆیی چینی بورژوا و کرێکار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





(وێنەی ژمارە 5) The third class carriage

(وێنەی ژمارە 6) The first class carriage

## ٤.٢ ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

١ – نامۆیی بە واتای هەست بە بێگانە بوون و تەریک کەوتنەوە لە دەوروبەر دێت ، ڕەگ و ریشەی لە ناخی مرۆڤەکان هەبووە بە درێژایی مێژوو ، فەلسەفەکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی شیکردنەوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم بابەتە کردووە.

٢ – سەرهەڵدانی نامۆیی لە هونەر مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە ، تەنانەت هەندێک لە ئاماژەکان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پەیدابوونی کشتوکاڵ و دەرکەوتنی چینە کۆمەڵایەتیەکان و جیا کردنەوەی چینی پیشەگەر و هونەرمەند لە چینەکانی تری کۆمەڵگا.

٣ – زۆربەی بەرهەمی دەستکردی مرۆڤەکانی ڕابردوو لە ئێستادا وەک بەرهەمی هونەری لێیان دەڕوانرێت و لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون ، لە سەردەمی دروست کردنیاندا کەرەستەیەکی گرێدراو بوون بە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە ، بەڵام ئازاد کردنی ئەو کەرەستانە لەو ئەرکانەی پێیان سپێردرابووو روانین لێیان وەک کەرەستەی سەربەخۆ هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی نامۆیی بوو لە نێوان مرۆڤ و بەرهەمی هونەرییدا.

٤ –لە چوارچێوە گرتنی بەرهەمی هونەری بە تایبەتی نیگارەکان لە سەردەمی رێنیسانسدا بووە هۆی جیابوونەوەی بەرهەمی هونەری لە ژینگەی دەوروبەریدا ، ئەمەش هۆکارێکی تری نامۆبوونی هونەر بوو ی ئەو بەرهەمانە بوو .

٥ – پێش داهێنانی ڕەهەند لە ناو تابلۆی وێنەکێشاندا بینەر بەشێک بوو لە بەرهەمەکە ، بەڵام کاتێک ڕەهەند بووە بەشێک لە تابلۆ بینەر بە ناچار لە دیمەنی ناو تابلۆ دادەبڕێت ، هەروەها پەیوەندی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند لەگەڵ بابەتی کارەکە بۆ ئاستی زانست و فۆرموڵی بیرکاری و میکانیزمی ڕوانین دەگۆڕێت و دەبێتە هۆکاری نامۆ بوونی بینەر و هونەرمەند .

٦ - شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی هەژدەهەم کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بە میکانیکی کرد هۆکارێک بوو بۆ نامۆ کردنی مرۆڤ لە سروشتی خۆی و دەوروبەرییدا ، لەبەرئەوەی مەکینە وا لە مرۆڤ یان کرێکار دەکات بکەوێتە ناو پرۆسەیەک کە تیایدا داهێنانی کەسی و هونەری بەربەستی بۆ دروست دەکرێت .

٧– لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازییدا کە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر هەست بە نامۆیی بکات بزووتنەوە هونەریەکان لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا سەریانهەڵدا ، یەکێک لەم بزووتنەوانە ڕۆمانسیزم بوو ، هونەرمەندانی ئەم بزووتنەوە پێیان وا بوو پیشەیی بوون مرۆڤ لە سروشتی خۆی دوور دەخاتەوە .

٨ - لە دوای بزووتنەوەی ڕۆمانسیزمدا یەکێک لە بزووتنەوەکانی تری هونەری پەیدابوو ئەویش ریالیزم بوو ، ئەوانە زیاتر جەخت لەسەر پیشان دانی نامۆیی چینی کرێکار لە چینی زەنگین و باڵا دەستەکانی کۆمەڵگا دەکردەوە.

## ٣ .میتۆد و جێبەجێکردنی شیکاریی توێژینەوە:

### ٣ .١ کۆمەڵگای توێژینەوە:

لە ئەنجامی گەڕان و بە دواداچوون و ووردبوونەوە لە تابلۆکانی پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکە هەبوو گەیشتین بە ئەو ئەنجامەی ژمارەیەک لە تابلۆ ئەوانەی سوودییان هەیە بۆ توێژینەوەکەمان دەستنیشان بکەین ، لە دیارترینیان تابلۆی هونەرمەند (کاسپێر داڤید فرێدریک) لە ساڵی (١٨٠٩) و تابلۆی هونەرمەند (تیۆدۆر ژێریکۆ) لە ساڵی (١٨٢٢) و تابلۆی هونەرمەند (ئێدوارد مانێت) لە ساڵی (١٨٢٢) دا .

### ٣ .٢ ئامرازی توێژینەوە :

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە و دۆزینەوە و دەرخستنی تایبەتمەنییەکان و ڕەنگدانەوەی (دیاردەی نامۆبوون لە تابلۆکانی هونەرمەندانی ئەوروپا لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەهەمی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زاینی) توێژەر پشتی بە پێوەر و ئاماژەکانی هونەریی ، ستاتیکی، فەلسەفی و بابەتیانە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە بە جۆرێک ئامرازێک بن بۆ توێژینەوەکە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە میکارنیزم و میتۆدی وەسفی شیکاریی دەبەستێ، کە بنەماکەی بریتیە لە: (چاوپێخشاندن، شی کردنەوە و شرۆڤەکردن.)

### ٣.٣ میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی (وەسفی شیکاریی) بۆ شیکردنەوەی نموونەکان لەبەرئەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت.

### ٣.٤ نموونەی توێژینەوە:

نموونەکانی توێژینەوە بە شێوەی ( مەبەستدار) دەستنیشان کراون بە جۆرێک لەگەڵ پێوەر و ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی توژینەوەکە ، هەروەها لەگەڵ ئامانجی توێژەر گونجاو بن ، لەگەڵ تایبەتمەنییەکانی کۆمەڵگەی بنەرەتی توێژینەوە هاوئاهەنگ بن ، لە هەڵبژاردنی نموونەکاندا مەرجەکانی بژاردەی توێژینەوە لەبەر چاو گیراون ، کە بریتین لە هەمەجۆری لە شێوازی جێبەجێ کردنی کارەکان و جیاواز بوونی ناوەرۆک ، هەروەها پۆلێنکردنی بەرهەمەکان بە پێی کاتی خولقاندنیان، شی کردنەوەی نموونەکان بریتیە لە (٣) بەرهەمی هونەری کە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەڵبژێردراون :

١ - نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی بنەڕەتی توێژینەوەکە دەکەن.

٢ – کارەکان لە شێوازی و تەکنیکی کاردکردندا هەڵگری تایبەتمەنییەکانی هونەری مۆدێرن لە ئەورووپاو ڕەنگدانەوەی نامۆیی لەو بەرهەمانەدایە.

٣ - بژاردەکان یارمەتی توێژەر دەدەن تایبەبەتمەندییەکانی دیاردەی نامۆیی لە بەرهەمی هونەری نیگارکێشانی هونەری مۆدێرن لە ئەوروپا بخاتە روو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥.٣ شیکردنەوەی نموونە و سامپڵەکان:



نموونەی ژمارە (١)

ناوی تابلۆ: The Abbey in the Oakwood

ناوی هونەرمەند: کاسپێر داڤید فرێدریک

ماتریاڵ: رەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس

مێژوو: ١٨٠٩

پێوانە: 110cm x 171cm

خاوەنداریەتی: Alte Nationalfalerie, Berlin

چاوپێداخشاندن:

تابلۆی (کەنیسەی ناو دار بەڕووەکان) بریتیە لە دیمەنی سروشتی دەمەو خۆرئاوابوون ، کەشێکی ساردی زستانی و ئێوارەیەکی تەماوی پێوە دیارە ، هەروەها مانگی یەک شەوە بە ئاسمانەوەیە و لە ناوەندی سروشت وێنا کراو ، لە ناو ئەم تابلۆیەدا پاشماوەکانی کەنیسەیەک لەسەر شێوازی بیناسازی گۆتیک لە ناو گۆڕستانێکدا دەبینرێت ، تەنیا لەتێک لە دیواری کەنیسەکە بە جێ ماوە کە بە چەند نەخشێک رازێندراوەتەوە ، چوارچێوەی پەنجەرەیەکی ستوونی باریک و درێژی بێ شووشەی لەسەر جێماوە ، هەروەها دەرگای کەنیسەکە لە بەشی خوارەوەی تابلۆکە کە تاریکترین بەشی داڕشتنەکەیە دەبینرێت ، چەند فیگەرێک لە بەشی خوارەوەی دارشتنەکە لە دوورەوە دیارن کە دارمەیتێکیان لەسەرشانە و خەریکن لە دەرگای کەنیسەکە دەچنە ژوورەوە ، کەنیسەکە بە چەندین داری بەڕوو بە لق و چڵی تێچاوی دەوردراوە ، کە بە هۆی زستان و سەرماوە گەڵاکانیان وەریوە ، بەشی خوارەوەی ئەم تابلۆیە لە ناو تاریکیدا نوقم بووە و تەنیا رووناکی کزی دوو مۆم لە دوورەوە دیارن .

شیکردنەوە:

داڕشتنی ئەم تابلۆیە لە دوو پلان پێک هاتووە ، پلانی یەکەم واتا فۆرگراوند بریتیە لە گۆڕستان ، کەنیسە و ئەو فیگەرانەی دارمەیتەکە لە دەرگای کەنیسەکە دەبەنە ژوورەوە ، هەروەها چەند دارێک کە ژمارەیان لە دە دار زیاترە دەبینرێن . پلانی دووەم یان باکگراوندی تابلۆ بریتیە لە دیمەنی ئاسمان ، لە رووی قەبارەوە فیگەرەکان بە بەراود لە گەڵ توخمەکانی تری ناو داڕشتنەکە جیاوازی زۆریان هەیە و زۆر بچووکترن ، بە پێچەوانەوە دار بەڕووەکان و دیواری پاشماوەی کەنیسەکە قەبارەیان بە

شێوەیەکی سەرنجراکیش گەورەیە ، توخمەکانی ناو ئەم دارِشتنە لە سەر هێلی ستوونی جێگیر کراون کە لەگەڵ هێلی ئاسۆیی خۆرئاوا بوونەکە یەکتر دەبڕن .

لە تەواوی پانتایی ئەم دارِشتنەدا هێلی پێچاوپێچی لق و پۆپی دار بەرِووەکان بەسەر هێلی ستوونی کەنیسە و هێلی ئاسۆیی و تاوەکو رِادەیەک چەماوەی باکگراوند زاڵە ، بە هۆی جیاواز بوونی هێڵ و فۆرمی دیواری کەنیسەکە لەگەڵ هێڵی چەماوە و پێچاوپێچی دارەکان ، هەروەها جێگیر بوونی کەنیسەکە لە ناوەندی دارِشتنەکەدا ، کەنیسە و پەنجەرەی کەنیسەکە بوونەتە خاڵی سەرنجراکیش ، یان فۆکاڵ پۆینتی ئەم تابلۆیە .

هۆکارێکی تر چاوی بینەر بەرەوە کەنیسەکە رِادەکێشێت ئەوەیە قەبارەی ئەو دوو دارەی کەوتوونەتە تەنیشتی لای راست و چەپی کەنیسەکە لە دارەکانی تری ناو دارِشتنەکە گەورەترن ، پالێتی رەنگی زاڵ بەسەر ئەم تابلۆیەدا بریتیە لە تۆنە جیاوازەکانی خۆڵەمێشی ، لە بەشی پێشەوەی تابلۆ هونەرمەند رەنگی رەش و قاوەیی تاریکی بەکار هێناوە ، هەروەها تەواوی دارەکان بە رەنگی قاوەییەکی خۆڵەمێشی وێنا کراون ، دیواری کەنیسەکە رەنگی خۆڵەمێشی ، یان هەمان رەنگی قورِی تێدا بەکارهێنراوە ، رەنگی خۆرئاوابوونی ئاسمان زەردەی ئێوارەپێشان دەدات ، هەروەها لە بەشی خوارەوە یان لە ئاسۆدا رەنگی پەمەیی چڵکن یان تێکەڵ بە خۆڵەمێشی دەبینرێت ، ئەم رەنگانە کۆنتراستێکی زۆریان لە پانتایی تابلۆدا بەدیهێناوە .

شرۆڤەکردن و لێکدانەوە:

لەم تابلۆیەدا کە لە سەر رێبازی رۆمانتیسم بەرهەم هێنراوە هونەرمەند بە بەکارهێنانی رەنگ، فۆرِم و هێڵی گونجاو کەشێکی مەعنەوی خوڵقاندووە ، کە هەستی نامۆبوونی مرۆڤ لە ناو ئەم جیهانەدا کە رۆژێک بەبێ ویستی خۆی پێ دەنێتە سەری و ناچارە رۆژێکیش بە ویستی خۆی بێت یان نا بەجێی بێڵێت ، لەم دارِشتنەدا قەبارەی بچووکی مرۆڤەکان بە بەراورد لەگەڵ سروشتدا کەم بایەخ بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا یان بێ بایەخ بوونی ژیانمان بیر دەخاتەوە ، بچووک بوونی مرۆڤ لە ناو سروشتی بێ کۆتایی ئەم تابلۆیەدا دەربرِی ئەوەیە مرۆڤ لەم جیهانەدا بوونەوەرێکی نامۆیە کە وەک رێبوارێک دێت و ناچارە رۆژێک بەجێی بێڵێت .

هەروەها دیواری دارِماوی کەنیسەش هەر پیشاندەری نامۆ بوونی دەستکردەکانی مرۆڤ لەم جیهانەدایە ، هەرچەندە ئەم کەنیسەیە پێش سەدان ساڵ بنیاتنراوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستکردی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤە وەک خودی مرۆڤ ئەبەدی نیە و مەحکووم بە لەناوچوونە ، تاکە شت لە ناو ئەم تابلۆیەدا ئەبەدیە و بەردەوام دەمێنێت سروشتە ، لەگەڵ ئەوەی لەم تابلۆیەدا سروشت لە وەرزی زستان دا وێنا کراوە و کەشێکی ماتەمینی پێوە دیارە ، بەڵام بەم نزیکانە دووبارە دەگەشێتەوە و ژیانی سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە ، مرۆڤ بە پێچەوانەوە کە وەرزی کۆتایی ژیانی هاتو ئەم جیهانەی جێهێشت ناگەڕێتەوە بۆ ئەم ژیانە ، ئەمەیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نامۆیی لە مرۆڤدا بەرامبەر بەم جیهانەی تێیدا دەژیت.



نموونەی ژمارە (٢)
ناوی تابلۆ: The Woman with Gambling Mania
ناوی هونەرمەند: تیۆدۆر ژێریکۆ
ماتریاڵ: رەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس
مێژوو: ١٨٢٠
پێوانە: 77cm x 171cm
خاوەنداریەتی: Department of Painting of the Louvre, Room 914

چاوپێداخشاندن:
تابلۆی (ژنێکی گیرۆدەبووی قومار) بریتیە لە پۆرترێتی ژنێکی بەساڵاچوو گیرۆدەی قومارە ، لە نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیە دەروونیەکان چاودێری دەکرێت ، جلێکی کۆنی لەبەر دایە ، سەرچەفێکی سپی لە کاسەی سەری ئاڵاندوە و لە بەشی پێشەوەی سەری گرێیەکی بچووکی لێداوە ، چاوی لە شوێنێک لە دەرەوەی تابلۆ بریوە ، وەک ئەوە وایە سەیری کەسێک یان شوێنێکی دوورە دەست لە لای راستی و لە پشت نیگارکێش بکات .
پۆرترێتەکە لە شوێنێکی تاریکدا وێنا کراوە و هیچ شتێک لە پشت سەری ژنەکەوە نابینرێت ، نیگای لە ناو تاریکی باکگراوند و سەرچەف و یەخەی کراسەکەی کە رەنگیان سپیە دژایەتییەکی بەرچاوی لەگەڵ پانتایی گشتیی تابلۆکە هەیە ، سەرچەف و یەخەی کراسی ژنەکە بە جۆرێک دەوری روخساریان داوە کە چاوی بینەر بەرەو روخسار دەڕوات ، لە هەمووی گرنگتر بەرە و چاوەکانی ژنەکە رادەکێشن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ژێر سەرچەفە سپیەکەیەوە بەشێکی کەم لە قژی دەرکەوتووە کە لای راست ئالۆزیەکی پێوە دیارە ، دانیشتنی ژنەکە بەجۆرێکە کەمێک پشتی کووڕ بووەتەوە و لای راستی روخساری کەمتر لە لای چەپ دیارە ، گوێ و لاروومەتی و لای چەپی رووخساری زیاتر دەبینرێت ، رووومەتی بەهۆی تەمەنیەوە قووڵ بوونە و گۆشتی روخساری داچۆڕاوە ، برۆکانی بەرز کردووەتەوە دەمی کەمێک کراوەتەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی بینەر هەست بکات هەوڵدەدات قسە بکات یان سەری لەشتێک سووڕ ماوە .

شیکردنەوە:

لە دارشتنی ئەم تابلۆیەدا پۆرترێتەکە کەوتووەتە ناوەندی دارشتن ، ئەگەر کانڤاسەکە بە شێوەی ئاسۆیی بکرێتە سێ بەش روخساری ژنەکە لە بەشی سەرەوە جێگیر کراوە و کەوتووەتە سەر هێڵی یەکەم ، لەبەشی سەرەوەی دارشتنەکە ، روخساری کەسەکە لە ژێر هێلی ئاسۆیی یان لە خوارەوە ئاستی بینین وێنا کراوە ، واتا ئاستی بینین یان شوێنی راوەستانی نیگارکێش لەسەرەوەی پۆرترێتە ، فۆرمی روخساری ژنەکە لە سەر شێوەی سێگۆشەیەکی دوو لایەکسانە ، کە بنکەکەی کەوتووەتە لای سەرەوە و زیاتر کاسە سەری دیارە و ژێر چەناگەی نابینرێت ، نوکی سێگۆشەکە تاوەکو یەخەی سپی کراسەکەی کێشراوە ، رەنگی سپی جلکەکانی کە دەوری رووخسایان داوە و وێرای شوێنی جێگیرکردنی روخساری لە ناو دارشتنەکەدا چاوەکانی پۆرترێتیان کردووەتە خاڵی سەرنج ، یان فۆکاڵ پۆینت لە ئەم دارشتنەدا .

سەرەکیترین رەنگی بەکارهاتوو لەم تابلۆیەدا بریتین لە رەنگی رەش و قاوەیی ، باکگراوند بەرەنگی رەش و قاوەیی تۆخ رەنگ کراوە ، لە جلی ژنەکەشدا رەنگی رەش و قاوەیی بە تۆنی کالتر بەکارهێنراون ، رەنگی سەرچەف و یەخەی کراسی ژنەکە و سێبەرەکانی بە رەساسی ، قاوەیی کاڵ و کرێم وێنا کراوە ، لەو بەشانەدا کە رووناکی لێی داوە رەنگی کرێمی کاڵ سپی بە کار هاتوون ، رەنگی روخساری ژنەکە بریتیە لە تۆنە جیاوازەکانی قاوەیی ، ئۆکر و پرتەقاڵی زەردبا و پرتاقاڵی سووربا و سەوزی زەیتوونی ، لای راستی روخساری کەوتووەتە سێبەر ، تۆنەکانی رەنگی زەیتوونی و قاوەیی زیاتر تێدایە ، رەنگی چاوەکانی قاوەیی تۆخ و رەشە و تروووسکاییەک لە چاوەکانیدا هەیە کە سەرنجراکێشتری کردووە.

لەم تابلۆیەدا رووناکی لە گۆشەی سەرەوەی لای چەپی چوارچێوەکە هاتووە و لەسەر سەرچەف و یەخەی کراسی ژنەکە شەوقی داوەتەوە و بە نەرمی بە ناوچاونیدا تاوەکو سەر لووتی خزاوەتە خوارەوە ، روناکیەکی کز لەسەر لێوی خوارەوەی چەناگەی دەبینرێت .

شرۆڤە :

بینەر لە یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم پۆرترێتەدا هەست دەکات ئەوە روخساری کەسێکی ئاسایی نیە ، کەسایەتی شێواوی ئەو ژنە بە روونی لە رووخساریدا رەنگی داوەتەوە ، چاوەکان بەتایبەتی کە سەرنجراکێشترین خاڵی ناو دارِشتنەکەن هەستی ئەو ژنە بەساڵاچووە دەردەخەن، هەستی چاوەڕوانی ، یان هەستی بێ‌هیوایی و سەرلێشێواوی ، کاتێک لە نیگای دەڕوانی نیگات بەرەو دەرەوەی تابلۆ دەبات ، پرسیارێکت بۆ دروست دەبێت ئایا ئەو ژنە لە چی دەڕوانێت ، یاخود لە چی ڕاماوە و بیر لە چی دەکاتەوە ، یان سەری لە چی سووڕماوە .

ئەو ژنە لە نەخۆشخانەی تایبەت بە ئەو کەسانەی تووشبووی نەخۆشیە دەروونیەکانن لە ژێر چاودێریدا بووە ، لە لایەن هونەرمەندەوە کە خۆشی تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی بووە وێنا کراوە ، واتا لە هەمان هەست و بارودۆخدا ژیاوە ، هونەرمەند توانیویەتی پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان بینەر و بابەتی تابلۆکە دروست بکات ، بە روانین لەو پرۆترێتە نامۆ بوونی بابەتی تابلۆکە هەستی پێ‌دەکرێت ، ئەو کەسانەی لەو سەرەدەمە دا کە بە هۆی زیاتر پیشەیی بوون و راشناڵ بوونی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاوە

کەمەتر ئاوڕیان لێ دەدراوە لە لایەن کۆمەڵگاوە تەریک کەوتوو و نامۆ ببوون ، لەم تابلۆیەدا هەستیار بوونی هونەرمەند سەبارەت بە کەسانی جیاواز و نامۆی دەورووبەری پیشاندراوە.



نموونەی ژمارە ( ٣)

ناوی تابلۆA Bar at the Folies-Bergère :

ناوی هونەرمەند: ئێدوارد مانێت

ماتریاڵ: رەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس

مێژوو: ١٨٢٢

پێوانە: 13096x cm

خاوەنداریەتی Courtauld Gallery, London :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوپێداخشاندن :

تابلۆی (بارێک لە فولی بێغژە) دیمەنی کچێکی کارگوزار لە ناو بارێکی قەرەباڵغدا پێشان دەدات، کچە کارگوزارەکە لە پێش ئاوێنەیەک راوەستاوە و لە بەرامبەری پیاوێکی کڕیار راوەستاوە، بەڵام بە ووردبوونەوە و سەرنجدان بە رەنگدانەوەی وێنەی کچەکە و پیاوەکە لەناو ئاوێنەکە بۆ بینەر دەردەکەوێت، کە رێک لە بەرامبەر یەکتری رانەوەستاون، بەو جۆرەی لە ئاوێنەکە دەرکەوتووە و پیاوەکە لە گۆشەی لای راستی کچەکە راوەستاوە و چاوی لە کچەکە نیە ، بەڵکو چاوی لە شوێنێکی ترە، کچەکەش رێک لە پشت مێزەکە رانەوەستاوە، بەڵکو کەمێک بۆ لای چەپی مێزەکە سووڕاوەتەوە و چاوی لە جەماوەری ناو بارەکەیە ، یان لە شوێنێکی نادیار بڕیوە .

خەم و بێ‌تاقەتی بە رووخساریەوە دیارە و خەیاڵی رۆیشتووە ، کچەکە بە جلێکی رازاوە و گوڵێک بەیەخەوە دەستی لەسەر مێزە مەرمەڕەکە داناوە ، کەمێک بۆ لای پێشەوەیە خۆی لار کردووەتەوە ، لە بەردەمی و لای راست و چەپی لە سەر مێزەکە چەند بووتڵی شووشە و قاپێکی شووشە کە چەند پرتەقاڵی لە نێودایە هەیە، هەروەها پەرداخێک کە دوو گوڵی تێدا لە ناو ئاودانراون دەبینرێن ، ریفلێکسی چەند دانە لە بوتڵە شووشەکان لە ئاوێنەی پشت سەری کچەکە دیارن ، بەو جۆرەی لە ناو ئاوێنەکەدا دەرکەوتووە ، خەڵکێکی زۆر لە ناو بارەکەدان و خەریکی خواردنە و گفتوگۆن ، لە ناو بارەکەدا دوو دینگەی گەورە هەیە، کە دوو گلۆپی سپی بازنەیی گەورە لە پێش هەر یەکێکیان هەڵواسروە ، هەروەها بنمیچی بارەکە بە گلۆپ و لوستری گەورە رازێندراوەتە .

شیکردنەوە:

ئەم تابلۆیە لەسەر شێوازی ئیمپرێشنیزم دروست کراوە ، کارەکتەری سەرەکی بابەتەکە واتا کچە کارگوزارەکە لە پلانی دووەم و لە ناوەندی دارشتنەکەدا جێگیر کراوە ، بۆ ئەوەی زیاترین سەرەنجی بینەر رابکێشێت و ببێتە فۆکاڵ پۆینتی داڕشتنەکە ، لە پلانی یەکەم دا بوتڵی شووشەی خواردنەوە ئەلکهولیەکان هەیە ، قاپی میوە و دوو شاخە گوڵی ناو پەرداخێکی ئاو دانراون ، پلانی سێیەم بریتیە لە ریفلێکتی کەوەنتەر و کچەکە و کەرەستەکانی سەر کەونتەرەکە لە ناو ئاوێنەدا ، پلانی چوارەم بریتیە لە جەماوەر یان کڕیارانی ناو بارەکە کە لە ناو ئاوێنەی پشت سەری کچەکەدا دیارن .

ریفلێکتی فیگەری پیاوەکە و کچەکە لەناو ئاوێنەکەدا لە پلەی دووەمی گرنگی دێت ، بینەر کە چاوی بەم تابلۆیە دەکەوێت یەکەمجار سەرنجی دەچێتە سەر روخسار و فیگەری کچکە ، پاشان ریفلێکتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشتی کچەکە لەناو ئاوێنەدا ، لە دوای ئەودا ریفلێکتی پیاوە کڕیارەکە ، ئەم داڕشتنە لە تابلۆکودا بە داڕشتنێکی پڕ ووردەکاری دادەنرێت ، بینەر پێویستە بۆ ماوەیەکی درێژ لێی بڕوانێت تاوەکو هەموو ووردەکارییەکان ببینێت ، لە رووی قەبارەشەوە فیگەری کچەکە لە هەموو فیگەر و توخمەکانی تری ناو بارەکە گەورەترە ، ئەمەشیان هۆکارێکی تری سەرنجراکێش بوونیەتی .

هونەرمەند لە پانتاییە گەورەکانی ناو داڕشتنەکەدا وەکو جل و بەرگی کچە کارگوزارەکە و پیاوە کڕیارەکە و دیواری بارەکە و جلکی زۆربەی ئەو کەسانەی لە ناو قەرەباڵغیەکەدان رەنگی رەش و خۆڵەمێشی بەکار هێناوە ، بەڵام ئەو بابەتانەی پانتاییەکی کەمتریان گرتووە بە رەنگی گەشتری وەک سوور و پرتەقاڵی و ئاڵتوونی و کرێم و پەمەیی وێنا کراون .

روخسار و مل و سینگی کچەکە تێکەڵێکە لە رەنگی گۆشتی و پەمەیی کاڵ و سپی ، رەنگی قژی تێکەڵێکە لە ئاڵتوونی و خوورمایی و زەیتوونی ، هەمان رەنگ لە ملوانکە و پەلک و گەڵای گوڵی سەر سینگی و بازنەکەشیدا دووبارە بووەتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی جوڵەی چاو لە سەر فیگەری کچەکە ، جلکەکانی لە تۆنەکانی رەش و سپی پێک هاتوون ، رەنگی ئاڵتوونی لە پانتایی بچووک دا لە تەواوی پانتایی تابلۆکەدا دووبارە بووەتەوە ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چاو بەسەر بەشە جیاوازەکانی تابلۆکەدا بخزێت ، هەروەها کۆنتراستیشی لەگەڵ پانتاییە گەورە رەش و خۆڵەمێشیەکان دروست کردووە .

بە پێی ئەو سێبەرەی کەوتووەتە سەر روخساری کچەکە ، هەروەها ئەو سێبەرەی کەوتووەتە ژێر هەندێک لە بووتڵە شووشەکان ، روناکیەکی نەرم بەسەر بابەتی تابلۆکەدا بڵاو بووەتەوە ، لە بەرانبەر و بە گۆشەیەکی کەمەوە لە لای چەپەوە دێت ، لە رووی تێکسچەر و بەکارهێنانی فڵچەوە قژ و روخسار و مل و سینگی کچەکە ، هەروەها پێستی دەستەکانی و کەوەنتەری پێشی نەرمترین تێکسچەریان هەیە ، بە ووردەکاریی زیاترەوە پیشاندراون ، لە دوای ئەوە بوتڵی شووشەکان و کەرەستەکانی سەر کەوتەرەکە شوێنەواری فڵچەیان زیاتر پێوە دیارە ، بەڵام لە ئاوێنەدا و فیگەر و تەواوی ئەو توخمانەی لە ناو ئاوێنەکە دەردکەون فلچە بە خێراییەکی زۆر بەکارهێنراوە و زیاترین ئاسەواری فڵچەی پێوە دیارە .

شرۆڤە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم تابلۆیە دیمەنی ناو باڕێک لە شاری پاریس پیشان دەدات ، کە چینی مامناوەند بۆ خۆشگوزارانی و تێپەراندنەی کات روویان تێکردووە ، لە یەکەم سەرنجدا بابەتەکە روون و سادە دێتە بەرچاو ، بەڵام بە ووردبوونەوە و سەرنجدان لێی بینەر بۆی دەردەکەوێت دیمەنێکی ژیانی سادەی رۆژانە مانای قووڵ و جیاواز لە خۆ دەگرێت ، لە یەکەم نیگادا بینەر هەست بە ئاوێنەکە ناکات ، لێرەدا هونەرمەند کە خۆی لە پێشرەوانی هونەری مۆدێرن بووە لە دژی نەریت و یاساکانی دونیای هونەر بووە ، مەبەستی لە بەکارهێنانی ئاوێنە ئەوەیە بە بینەر بڵێت چی تر کانڤاس ئاوێنەیەکی رەنگدەرەوە و دووبارەکەرەوەی دونیای واقیع نیە ، هەروەها بەکارهێنانی سەربەستانەی فڵچە لەسەر پانتایی تابلۆ دەربڕی ئەو ئازادییەیە هونەری مۆدێرن توانی بۆ هونەرمەند دەستەبەری بکات ، ئەم تابلۆیە لە سەردەمێکدا بەرهەم هێنراوە کە ئەو شێوازی وێنەکێشانە نوێ و نامۆ بووە ، تەنانەت نامۆیی لە روخسار و روانینی کچەکشدا بەدی دەکرێت ، نامۆیی تاک لە ناو ئەو ژیانەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ مرۆڤ بەدی هێنابوو ، مرۆڤی لە بوون و کەسایەتی راستەقینەی خۆی دوور و نامۆ دەکرد ، دەست خستنی داهاتی مادی زیاتر و کرینی کاڵای زیاتر ، هەروەها روو کردنە خۆشگوزەرانیە کاتییەکانی کردبووە ئامانجی سەرەکی ژیان ، لێرەدا نیگای حەپەسا و رامانی قوڵی کچە خزمەتگوزارەکە ئاماژەیەکە بە نامۆیی تاک لە جیهانێکی لەم چەشنەدا .

٤. ئەنجام:

١ ـ نامۆیی چەمکێکی هزرییە کە لە لایەن فەیلەسووف و زانایانی بوارە جیاوازەکان گرینگی زۆری پێدراوە و شی کردنەوەی بۆ کراوە. لە دوای هیگلێەوە کە یەکەمین فەیلەسووف بوو باسی لە چەمکی نامۆیی کرد، کەسانێکی وەک ( مارکس، سارتر، اریک فرۆم ...) لە لایەنی جیاوازەوە تیشکیان خستووەتە سەر ئەم بابەتە و شی کردنەوەیان بۆ کردووە.

٢ ـ هونەر کە هەموو کات ئامرازێک بووە بۆ پێشاندانی هەست و نەستی مرۆڤ و بە تایبەبەت خودی هونەرەمەندی بەدیهێنەرەی بەرهەمەکە، بە روونی و بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمی نیگارکیشانی هونەرمەندانی ئەوروپی سەدەی هەژدە و نۆزدەی زایینی رەنگدانەوە هەبووە.

٣ ـ دیاردەی نامۆ بوون لە تابلۆی نیگارکیشانی ئەوروپیدا هەم لە رووی ناوەرۆک و هەم لە رووی تەکنیک، ماتریاڵ و شێوازی خستنە رووی بەرهەمەکان بەرچاوە و رەنگدانەوەی هەبووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤ _ یەکێک لە گرینگرین تایبەتمەندیەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی زاینی کە لە ئەوروپا بووە هۆی بەربڵاوبوونی دیاردەی نامۆیی و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی نیگارکیشانی ئەو سەردەمەدا بریتی بوو لە پیشەیی بوونی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامدا بووە هۆی بەدیهاتنی گۆڕانی بەرچاو لە شێوازی ژیانی مرۆڤ و دابڕانی لەو سروشت و ژیانەی خووی پێ گرتبوو.

دەرئەنجام:

١ – ڕێبازی ڕۆمانتیسیم یەکێک لەو ڕێبازانەیە بە شێوەیەکی قوڵ و ورد نامۆیی مرۆڤ لەم جیهانەدا وێنا دەکات. ئەم ڕێبازە بە لادان لە فۆڕم و هەروەها بابەتە باوەکان لە سەردەمی سەرهەڵدانی دا وەک دیاردەیەکی نامۆ دەرکەوت .

٢ – هونەرمەندانی نیگارکێشی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیسیسم گرینگی زۆریان بە وێنا کردنی سروشت دەدا لەبەرئەوەی پێیان وابوو بە پیشەیی بوون بووەتە هۆی دابڕاون و نامۆ بوونی مرۆڤ لە سروشت کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دابڕان لە خود .

٣ – هەست و سۆز و بارودۆخی دەروونی مرۆڤ یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە هونەرمەندانی سەردەمی ڕۆمانتیسیسم گرینگیان پێداوە. لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگە بەرەو ڕاشناڵ بوون دەچوو و هەست و سۆزی مرۆڤەکان پشت گوێ دەخرا ئەو کەسانەی تووشی خەمۆکی و نەخۆشیە دەروونیەکان دەبوون هەستی هونەرمەندانی ڕۆمانتیسیسمیان ڕادەکێشا .

٤ – ڕێبازی نیگارکێشانی ئیمپرێشنیزم ڕێبازێکی دیکەی هونەری سەردەمی مۆدێرن بوو کە دژی یاسا ئاکادیمیەکان وەستاوە و توانی تا ڕادەیەکی زۆری هونەرنەرمەندانی سەر بەو ڕێبازە لە بەربەستەکانی خۆ دەربڕینی ئازادانە ڕزگار بکات، هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ نامۆ دەرکەوتنی ئەو ڕێبازە هونەریە .

٥ – سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریی لە سەردەمی مۆدێرن دا هۆکارێکی سەرەکی هەست بە نامۆیی کردنی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا بوو. ئەو نامۆیە لە تابلۆی (بارێک لە فولی بێغژە) بە ڕوونی بەرچاوە.

## سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:

1 – ئاغۆک: ئاری ، (٢٠١١) ، بزاڤی تەغریبی بەخۆداچوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و نوێبوونەوە ، چاپخانەی میدیا ، هەولێر.

2 – ئیسماعیل: ڕێبین ڕەسوڵ ، (٢٠٠٤) ، هیگل فەلسەفە و مۆدێرنیزم ، چاپخانەی ڕەنج
3 – جەوشەنی: عەلی ، ( ٢٠١٥) ، فەرهەنگی زمان (کوردستانیکا) ، چاپەمەنی مانگ ، بانە.
4 – خاڵ: محەمەدی ، (٢٠٠٥) ، فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، چاپی دووەم.
5 – شەرەفکەندی: عەلی ، ( ١٣٦٩) ، هەنبانە بۆرینە ، چاپی سروش ،
6 – شەریفی: فەرشید ، (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
7 – قادر: سەرکەوت سەعدی ، (٢٠١١) ، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر) دا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
8 – قەرەچەتانی: کەریم شەریف ، (١٩٩٩) ، هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.
9 – محەمەد: شیرین سەعید ، (٢٠٠١) ، نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی – کۆلیژی زمان ، سلێمانی .
10 – موکریانی: گیوی ، (١٩٩٩) ، فەرهەنگی کوردستان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
11 – موکریانی: هەژاری ، (1369 هـ.ش.) ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپخانەی سروش ، تهران.
12 – میراودەلی: کەمال مەمەند ، (١٩٧٩) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
13 – نەقشبەندی: غیاث الدین ، (٢٠٠٤) ، نامۆیی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ، سلێمانی.
14 – هیگل: جۆرج فیلیهلم فردریش ، (٢٠٠٥) ، مێژووی فەلسەفە ، وەرگێڕانی: عرفان مستەفا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.
دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:
15 – برکات: حلیم ، (2006) ، الاغتراب في الثقافة العربية متاهات الإنسان بين الحلم و الواقع ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت .
16 – الجبوري: اسراء حامد علي ، (2014) ، سمات الاغتراب في فن ما بعد الحداثة ، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية ، المجلد 22 – العدد 5 ، جامعة بابل.
17 – حماد: حسن ، (2005) ، الإنسان المغترب عند إريك فروم ، مكتبة دار الكلمة ، القاهرة.
18 – أبو زيد: أحمد ، (1979) ، الاغتراب ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر – العدد الأول ، وزارة الأعلام الكويتي ، الكويت.
19 – صالح: يوسف حمه ، (2008) ، الاغتراب النفسي و علاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد ، دار دجلة ، عمان – الاردن .

20 – الصميدعي: باسم محمد عباس عبد ، (2020) ، تجليات الاغتراب في ثلاثية (عبدالله صخي) ، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية ، المجلد (59) العدد (3) ، جامعة بغداد – كلية التربية إبن الرشد للعلوم الانسانية.

21 – عبدالله: عبدالله ، (2008) ، الاغتراب النفسي و علاقته بالصحة النفسية لدى طلاب الجامعة ، رسالة الماجستير في علم النفس و علوم التربية و الأرطوفونيا ، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية - جامعة الجزائر ، الجزائر.

22 – عمر: أحمد مختار ، (2008) ، معجم اللغة العربية المعاصرة ، عالم الكتب ، بيروت ، الطبعة الأولى.

23فروم: إريك ، (1998) ، مفهوم الإنسان عند ماركس ، ترجمة: محمد سيد رصاص ، دار الحصاد للنشر ، دمشق.

24 – الفلاحي: أحمد علي ، (2013) ، الاغتراب في الشعر العربي في القرن السابع الهجري ، دار غيداء للنشر و التوزيع ، عمان – الأردن.

25_إبن منظور: أبو الفضل محمد بن مكرم بن علي (ت711هـ / 1311م) ، (1882) ، لسان العرب ، دار صادر ، بيروت.

26 – النوري: قيس ، (1979) ، الاغتراب اصطلاحا و مفهوما و واقعا ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر – العدد الأول ، وزارة الأعلام الكويتي ، الكويت.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

27 – Ankyiah , F. & Boateng K, P. (2016) . Alienation Effect in Contemporary Art: Ushering into Creativity . International Journal of Art & Humanity Science

28 – Bernstein , M. J. . (1992) The Fate of Art (Aesthetic Alienation from Kant to Derrida and Adorno . The Pennsylvania State University Press

29 – Boime A., (1991), Portraying Monomaniacs to Service the Alienist's Monomania: Gericault and Georget, Oxford Art Journal, 1991, Vol.14, No. 1

30 – Bugler C., & Mack L., (2013) Art That Changed The World, The 19th Century, DK Publishing, United States

31 – Cambridge University Press, (2009)

32. Cambridge University press, 2022 (https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/painting)

33 – Craig, E.,the shorter routledge encyclopedia of philosophy, 2005, p.12

34 – Chilvers,I., & Glaves- Smith, J., (2009) , Dictionary of Modern and Contemporary Art, Oxford University Press

35 – Evans, G. (1989), Art Alienated, An essay on the Decline of Participatory-Art (http://cafeirreal.alicewhittenburg.com/art_alie.pdf)

36 – Farr,A. , (2014) , The Stanford Encyclopedia of Philosophy is copyright © 2014 by The Metaphysics Research Lab, Center for the Study of Language and Information (CSLI), Stanford University

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

37 – Fianco, F., Art and Society in Theodor Adorno's Aesthetic Theory, Universidade de Passo Fuddo.
38 – Habbitt F., (2020), Realist Art for Dummies: A Beginner's Guide, (https://www.thecollector.com/realist-art-for-dummies/)
39 – Hobson, A.,( 2001) The Oxford Dictionary of Difficult Words, Oxford University Press
40 – Kaufmann, W. , ( 1980) , The Inevitability of Alienation, Source: Revue européenne des sciences sociales , T. 18, No. 52, La philosophie
41 – Kilic Y., "To see clearly is poetry": The Visual Narrative of JMW. Turner (https://www.academia.edu/23290977/_To_see_clearly_is_poetry_The_Visual_Narratives_of_J_M_W_Turner)
42 – K. Jan Oosthoek, (2015), Romanticism and nature, (https://www.eh-resources.org/romanticism-and-nature/)
43 – Krajewski, Bruce, editor. (2004), Gadamer's Repercussions: Reconsidering Philosophical Hermeneutics. Berkeley, Calif: University of California Press http://ark.cdlib.org/ark:/13030/kt109nc3tr/
44 – Laporte M P., (1968), Art and Alienation, The Central Review, Vol. 12, No.2, Michigan State University press
45 – Moses N. Ikiugu, (2007), Psychosocial Conceptual Practice Models in Occupational Therapy, Elsevier Inc.
46 _ O'Brien, Sean. M., (1984) Sartre and Marx on alienation: An analysis and comparison of their theories, University of Montana.
47 – O'Connell V R.,(2011) ART AT THE BARRICADES: COURBET AND PROUDHON, THE TRAJECTORY OF AN ASYMMETRYCAL RELATIONSHIP, University of Colorado Denver(Master thesis)
48 – Saylor.org, (2013), The industrial Revolution and the Romantic Spirit,( https://resources.saylor.org/wwwresources/archived/site/wp-content/uploads/2013/07/ENGL203-Subunit-3.1.3-Industrial-Revolution-and-the-Romantic-Spirit-FINAL1.pdf)
49 – Toth R T. (2010), The relationship of Nature and Man in Turner's sea- scenes and Melville's Moby- Dick, TRANS, (https://journals.openedition.org/trans/420)
50 – Tseng Ch Sh.,(1998), Honore Daumier's Imagination Series, Oculus( JOURNAL FOR THE HISTORY OF ART), The Art History Association, INDIANA UNIVERSITY, BLOOMINGTON, IN.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Phenomenon of Alienation in The Paintings of European Artists in The Eighteenth and Nineteenth Centuries

**Fatemeh Mustafa Ibrahim,**
Department of Plastic Arts, college of fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sheikhefatemeh@gmail.com

**Ari Kakil Mohmedtaher**
Department of Plastic Arts, college of fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ari.mohmedtaher@su.edu.krd

***keywords***: *Phenomenon, Alienation, Tableau, Modern Art, Painting*

## Abstract

Conducting research about the topic of alienation is of great importance since alienation is one of the main aspects reflected in artists' works. Alienation is one of the most important psychological phenomena that has impacted artistic productions throughout history. Especially after the Renaissance in Europe, after the industrial revolution philosophers, psychologists, and artists paid more attention to the topic.
Alienation has been reflected in the literature of the eighteenth and nineteenth centuries as well as in the paintings of those centuries. Similar to authors, artists focused on the topic of alienation and conveyed it through their paintings. This research focuses on the topic of (phenomenology of alienation in the works of eighteen and nineteenth-century artists in Europe) and consists of four sections. The first section includes the importance of the research, the second section includes theoretical framework (1. phenomenology of alienation in art 2. Emergence of alienation in Europe art 3. Aspects of alienation phenomena in the art of Europe). The third section consists of research methodology and sample analysis.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ظاهرة الاغتراب في لوحات الفنانين الأوروبيين في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر

## الملخص

إجراء بحث حول موضوع الاغتراب له أهمية كبيرة لأن الاغتراب هو أحد الجوانب الرئيسية التي تنعكس في أعمال الفنانين. يعتبر الاغتراب من أهم الظواهر النفسية التي أثرت على الإنتاج الفني عبر التاريخ. خاصة بعد عصر النهضة في أوروبا ، بعد الثورة الصناعية ، أولى الفلاسفة وعلماء النفس والفنانون اهتمامًا أكبر بالموضوع.

انعكس الاغتراب في أدب القرنين الثامن عشر والتاسع عشر وكذلك في رسوم تلك القرون. على غرار المؤلفين ، ركز الفنانون على موضوع الاغتراب ونقلوه من خلال لوحاتهم. يركز هذا البحث على موضوع (فينومينولوجيا الاغتراب في أعمال فناني القرنين الثامن عشر والتاسع عشر في أوروبا) ويتكون من أربعة أقسام. يتضمن القسم الأول أهمية البحث ، ويتضمن القسم الثاني الإطار النظري (1. ظواهر الاغتراب في الفن 2. ظهور الاغتراب في أوروبا ، الفن 3. جوانب من ظواهر الاغتراب في فن أوروبا). ويتكون القسم الثالث من منهجية البحث وتحليل العينة.

الكلمات المفتاحية: ظاهرة ، اغتراب ، فن حديث ، تابلو ، لوحة.